بۆ بیرەوەری شەهید
عیفەتی قازی

# گەلاوێژ

سناریۆ - چیرۆک

نووســـینی تەیفوور

**Navnîşana Xwestinê:**
Yekîtiya Hunermendên Kurd Li Swêdê
Box 490 90
100 28 Stockholm/ SWEDEN

Bayan Tryckeri & Förlag
Box 47
435 21 Mölnlycke, Sweden
Tel. + 46- 031-38 07 88 / 88 58 32

© Teyfûr
Gelawêj 1992

**ISBN** 91 630 0917 x

## پێشـــەکی

ئەگەر ئەو وتەیە کە دەڵێن «هونەر ڕۆڵەی ڕەنجە» بەشێکیشی ڕاست بایە، ئێستا دەبوو کورد گەنجێکی گەورەی هونەری هەبا. کەچی داخەکەم لە چاو میللەتانی دیکە دەستمان بەتاڵە و هێندێک لە شێعر دا نەبێ لە هونەرەکانی دیکە وەک هیچمان نەبێ وایە. هۆی ئەم نەبوونەش سێ شتە. یەکەم نەبوونی دەسەڵاتە ،دوەم نەبوونی دەسەڵاتە، سوەم نەبوونی دەسەڵاتە.

نەبوونی دەسەڵات بە سەر ژیان و زمان و ئەدەب و خاک و وڵاتی خۆماندا.هەتا ئەوەش سەر نەگرێ بووژانەوەی هونەرکە پەیوەندی بە پشتیوانی ڕاستەو خۆی خەڵکی خۆی هەیە خەونێکی بەتاڵە. بەڵام ئەوەندە کە هونەر نیازی بە سەرکەوتنی وڵاتە، سەرکەوتنیش پێ ویستی بە هونەرە. کەوابوو ناکرێ و نابێ دەستەو ئەژنۆ دانیشین. هەر کەس هەرچی لەدەست دێ با دریغ نەکا. ئەمن ئەوەندەم پێکراوە، نە دەڵێم زۆرە و نە دەڵێم باشە. هەوڵدانێکە بۆ هاندانی ئەوانەی کە باشتریان پێ دەکرێ.

گەلاوێژ «سەناریو» بۆ فیلم و بە پێی ئیمکاناتی ئەو ڕۆژی ئێمە (ئەگەر بمانەوێ بیکەین بە فیلم) نووسراوە. یەکەم جار بە کرمانجی خواروو بوو. پاشان چیرۆکەکەی لە گەڵ خرا کە ئەگەر لە داهاتوودا کەسێک بیەوێ ئەم «سەناریو» بکا بە فیلم چیرۆکەکە بۆ داڕشتنی هێندێک لە دیمەنەکان یارمەتی بدا هەروەها ئەو خوێنەرانەی کە بە خوێندنی «سەناریو» ڕانەهاتوون لە چیرۆکەکەی کەڵک وەرگرن.

کاک بارزان «سەناریو»ەکەی بە کرمانجی ژوورو نووسیەوە و ئەم ئیمکانە پەیدابوو کە لە هەر دووک زاراوە کەڵک وەرگیرێ. ئاوا بوو کە «سەناریۆ»ەکە بە کرمانجی ژووروو لەگەڵ چیرۆکی گەلاوێژ کەوت کە بە کرمانجی خوارووە.

نووســـــەر

له شارێک وەک هەموو شارەکانی کوردستان، له ماڵێک وەک هەموو ماڵەکانی کوردستان، دایکێک وەک هەموو دایکانی کوردستان خەریکی کاری ڕۆژانەی ناوماڵ بوو و سەوزی خواردنی پاک دەکرد. دایە لە دالانی نێوان دوو ژوورەکەیان دا دانیشتبوو و چاوێکی لە کارەکەی بوو و چاوێکی لە کچەزاکەی «تریفە» بوو کە لە دەور دەستی کایەی دەکرد. نیوەڕۆ بوو بەڵام هێشتا گەلاوێژ نەهاتبووەوە. «تریفە» دەهات و دەچوو و چڵێک سەوزی هەڵدەگرت و دەیخوارد.

– ڕۆڵە مەخۆ نەشۆراوە.

«تریفە» بە پێکەنین و خۆشیرین کردن بەرپەرچی تووڕەیی دایەی دەداوە و بە دەور حەوشەکەدا هەڵدەهات و باڵی وەک مەل دەکردەوە و فرەفڕی دەکرد. دەنگی دەرکە پێی کوت کە دایکی هاتۆتەوە. گەلاوێژ باوشی پێداکرد و بەرەولای دایەی برد. دایە سەری هەڵێنا، شەوقێک بە دیتنی کچەکەی کەوتە چاوانی.



– ماندوو نەبی کچم، بەخێر بییەوە.

– خۆش بی دایە گیان، «تریفە» ئازاری نەدای؟

– ئازاری چی بەستەزمانە!

گەلاوێژیش کەوتە سەوزی پاککردن، بۆنی چێشتە تەڕە ناوی زایاندە زاری بەڵام دەبوا لە پێش دا سەوزیەکە تەواوکەن. «تریفە» کتێبێکی لە جانتاکەی دایکی دەرێنابوو قامکی تەڕدەکرد و لاپەڕەی هەڵدەداوە. وەک هەموو ئەو منداڵانەی کە هێشتا نەچوونەتە فێرگە و تەنیا لە دیمەنی کتێبەکان دەگەڕێن.

– کار چۆن دەڕوا کچم؟

– ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ. ئەورۆش ڕەبیس بانگی کردووم دەڵێ «نامەیەکی دیکەش سەبارەت بە تۆ هاتوە، ئاگات لە خۆت بێ.»

– ئاگات لە زارت بێ ڕۆڵە، بۆ خۆت دەزانی چەند ئینسانی خراپ هەیە، ڕاپۆرتت لێ دەدەن.

– تەوفیر ناکا، ئێستا وای لێهاتوە هەرچی بڵێی هەر قەدەغەیە. یەکێک هەر دەگرێتەوە، بیانوویەکت هەر پێ دەگرن.

«تریفە» کتێبەکەی لە پێش دایکی ڕاگرت، دەبوو جۆرێک خۆی لە نێوان قسەکەیان باوێ.

– ئەوانە بۆ منیش بخوێنەوە دایە.

گەلاوێژ جارجار کتێبی بۆ «تریفە» دەخوێندەوە، بەڵام تەنیا کاتی نووستن.

– باشە دوایە کچم، ئاگات لێ بێ نەی دڕێنی.

ڕووی لە دایە کرد و قسەکەی درێژە پێدا.

- ئێستا دەروجیرانیش جۆرێکم تەواشا دەکەن.

دایە قسەکەی پێ بڕی

- ئەی وایە ڕۆڵە، ژنی جەوان ئەگەر مێردەکەی دوور کەوتەوە ...

- نازانم دایە، هەر ئەوەندە زانیبیام لە کوێیە؟ چی بەسەر هاتووە؟ ئەوە ساڵێکە بێ سەروشوێن ڕۆیشتووە؛ یەک دەڵێ لە چیایە، یەک دەڵێ لە زیندانە، هەر یەکەو شتێک دەڵێ!

- ئەگەر لە چیابا حەمەی برات خەبەرێکی دەداینێ. ئەو شەماڵی زۆر خۆش دەوێ.

- بۆ حەمە خەبەری خۆی دەدا هەتا هی شەماڵ بدا؟ لەگەڵ ئەوەش حەمە خۆ لە چیا نیە، هەر ڕۆژە و لە شارێکە.

- هەر نەبێ خەبەری هەیە. ئەوەندە بزانە کە خەبەری لە ئێمەش هەیە. دەزانێ حاڵمان باشە خۆی لە قەرەمان نادا نەکا سەگمان لێ بەربێ.

سەوزیەکە لە تەواو بوون دا بوو، دایە بە ئاخ هەڵکێشانەوە ئاخر چڵەکانی کۆ کردەوە و هەستا بچێتە سەر چێشتەکە. «تریفە»ش خلەخل لە دووی کەوتبوو.

***

لەو شارەش وەک هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان، تەقەی شەوانەی پێشمەرگە بەردەوامی شەڕی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی حاکمی



ڕادەگەیاند. پێشمەرگە هەتا دەوروبەری شار دەهاتن و جارجار دەهاتنە ناو شەقامەکانی شار و دەیانکرد بە تەقە و خەویان لە داگیرکەران دەشێواند. خەڵکی شار پێی ڕاهاتبوون و ئەگەر شەوێک تەقە نەبا دڵنەگەران دەبوون.

دایە دانیشتبوو و تەشی دەڕست و چاوی لە شەوی پشت پەنجەرەکە بڕیبوو. گەلاوێژ ڕادیۆکەی بە گوێیەوە نابوو لە ئێزگەکانی دەرەوەی وڵات دەگەڕا، «تریفە»ش سەری لە باوەش دایکی دانابوو .و خۆی مەڵۆس کردبوو  کە بخەوێ. چاوی کەوتە بریسکەی گوللەی ئاوردار کە لە ئاسمان ڕیزیان بەستبوو و بۆ شوێنێکی نادیار دەچوون. «تریفە» هەستا و بەپەلە چوە پشت شیشەکەوە.

- دایە هەمیسان گوللە دەڕوا. چاو، چاو.

هات دەستی گەلاوێژی کێشا کە بیباتە پشت پەنجەرەکە. دایە بۆ خۆی چاوی بە شیشەکەوە نابوو و گوێی بۆ تەقە شل کردبوو کە بزانێ داخوا لە کام گەڕەکە؟

- دایە بابیشم لەوێیە؟ تفەنگی هەیە؟

- نازانم ڕۆڵە، وەرە بنوو، وەرە.

- دەرکەکەت ئاواڵە کردبا ڕۆڵە، نەکا پێشمەرگەکان بیرەدابێن. ئانێک ئاوێک، شتێکیان بوێ. یا خۆ خەبەرێکیان هەبێ.

گەلاوێژ دەیزانی دایکی دڵەودوای حەمەیە و بە هیوای ئەوەیە بەڵکوو شەوێک بگەڕێتەوە.

- ئاواڵەیە دایە، چرای ناو داڵانەکەش دایسێ.

پاش ماوەیەک تەقە دوور کەوتەوە و شەو ئارام بۆوە. گەلاوێژ بۆ لە خەوکردنی «تریفە» ئارام ئارام چیرۆکی بۆ دەکوت و دایە لە سەر تەشی رستن بەردەوام بوو. بەرە بەرە «تریفە» خەوی لێ کەوت. تەنیا خشەی تەشیەکەی دایە بوو کە خەوشی دەخستە بێدەنگی ناوماڵەکە. لەناکاو رمە لە دەرکەوە هات و چوار کەس خزیان کرد بە ژوورا. دوو ئیزامی و دوو شەخسی. «تریفە» لە خەو راچڵەکی و زریکاندی. مەئمووری ئەمن نەڕاندی:

– هەموو جێگایەک باش بپشکنن.

– بە چاوان.

دوو ئیزامیەکە چوونە ناو ژوورەکەی دیکە و شەخسیەکەی تر کەوتە پشکنینی ناو ژووری دانیشتن.

– چتان دەوێ؟ بۆ ئێرە تەویلەیە ئاوا وەژوور دەکەون؟

دایە بوو بە سەریان دا گوڕاندی.

– وس بە.

مەئموور بە گەلاوێژی کوت

–خۆ خڕکەوە.

«تریفە» باوەشی بە لاقی دایکی دا کردبوو و دەگریا. گەلاوێژیش پەشۆکابوو و هیچی پێ نەدەکرا.

– کچەکەش دەبەین.

دایە هەڵمەتی دا «تریفە»ی هەڵگرت و لە باوەشی گووشا و چوە سووچێکی ماڵەکەوە، دەی بۆلاند و جنێوی دەدا. نوێنەکانیان کردبۆوە و



توێ توێ دەگەڕان. ژێر فەرشەکانیش، بەڵام دیار بوو لە شتێکی تایبەتی ناگەڕێن. گەلاوێژ نەی دەزانی بۆچی دەبێ هاتبێتن، بەڵام دەیزانی ئەگەر گیریان بکەوێ، بەم زووانە رزگاری نابێ. زۆری بیستبوو بێ تاوان گیراون و چەند ساڵ لە زیندان دا ماونەتەوە. خۆی خزاندە لای دەرکەکەوە و ویستی هەڵێ، کابرا لە ژێر چاوەوە ئاگاداری دەکرد، بازی دایە بەر دەرکەکەو بێ ئەوەی هیچ بڵێ کەلەپچەکەی لە دەستی گەلاوێژ کرد.

«تریفە» هەر دەیزریکاند و دایە هەوڵی دەدا ژێری کاتەوە.

– بەدۆعا دایە.

دایە وەڵامی گەلاوێژی نەداوە، هەتا توانی دەنگی هەڵێنا:

– چتان لێمان دەوێ، خێر لە ژیانتان نەبینن، ناپیاوینە، لەو گەڕێن، ئەمن بەرن، چیتان دەوێ لە منتان بوێ.

– کچەکەی لێ بسێنە!

کابرای شەخسی ویستی «تریفە» لە دایە بسێنێ بەڵام دایە توند باوەشی پێداکردبوو و نەی دەدا بەدەستەوە. دەی قیژاند:

– نایدەم، ئەو مناڵە بەستەزمانە بۆ کوێ دەبەن.

لەم سووچەکە هەڵدەهاتە ئەو سووچەکە.

– لێی گەڕێ کەرباب. کچەکەم بۆ کوێ دەبەی. نا...یدە...م.

– وس بە پیرە گەور.

ئەم بیکێشە و ئەو بیکێشە، بەدایە نەدەوێران. ئاخری یەکێکیان دوو مشتی لە هەنگڵی دایە کوتا. دایە ئەژنۆی شکایەوە، لە تاوان هەناسەی بڕا و چنگی لە بەرۆکی کابرا گیردا بەڵام مشتێکی دیکە لە زەوی

خست. گەلاوێژ و «تریفە»یان برد. دایە دەنگی هاوار کردنیشی نەمابوو. تەنیا زریکەی «تریفە»ی لە دەرەوە دەبیست.

***

هەر ئەو شەوە لە جێگایەکی نەناسراو لە ژێرخانێکی شاراوە، گەلاوێژیان لە سەر کورسیەک دانابوو، دوو نیزامی و مەئموورێ ئەمن و ژنێکی زیندانەوان دەوریان گرتبوو. هێندێک کتێبیان لەسەر مێزەکە هەڵچنی بوو. مەئموورێ ئەمن وێنەیەکی لە پێش گەلاوێژ ڕاگرت.

- باش تەواشای کە. دەیناسی؟

گەلاوێژ تەواشای وێنەکەی کرد، وێنەی زەماوەندی خۆی و شەماڵ بوو. وێنەی ئەو ڕۆژەی کە جلی بووکێنی لەبەر کردبوو و ژنان لە دەوری دانیشتبوون، فاتە دوو دەسماڵەی دەکرد کە حەمە بە جلی کارەوە هاتە ناو دەرکە و بانگی دایکی کرد، دایە قوربان و ساقەی دەبوو.

- دایە بە قوربانت بێ کوڕی شیرینم، بۆ جلەکانت نەگۆڕیوە؟

- ئێستا هاتمەوە، ئەوە وێنەگرم هێناوە، ئەمن دەچم سەرێکی ماڵی شەماڵ بدەم، ئێوە هیچتان پێویست نییە؟

فاتە دەستی حەمەی کێشا بۆ ناو ژنان کە وێنەیەکی لەگەڵ بکێشێ.

- دەی وەرە لەگەڵ خوشکت وێنەیەک بگرە، خۆ کفر نابێ، ئێمەش ئاواتمان هەیە.

حەمە دەستێکی خستبوە دەور شانی دایکی و دەستێکی خستبوە



دەور شانی ئەو و وێنەیان گرتبوو و ئەوا ئێستا بەدەست کابراوە بوو، «لە کوێیان پەیدا کردوە؟»

مەئموور وێنەکەی فڕێدا و بە دەم قسەکردنەوە چاوی لەسەر مێزەکە دەخشاند.

- دەمەوێ بۆ خۆت قسەبکەی، دەنا دەزانم چۆنت بەدەنگ بێنم. ئێمە هەموو شتێک دەزانین. بەس دەمانەوێ بۆ خۆت بیڵێی.

وێنەیەکی دیکەی هەڵگرت و لە پێش چاوی گەلاوێژی ڕاگرت.

- ئەی ئەمانە کامیان مێردە قورمساغەکەی تۆیە؟

وێنەی شەماڵ بوو لە زەماوەندەکەدا. ئەو کاتەی شەماڵ لەسەر پلیکانەکانی ناو حەوش لە نێوان دایکی و حەمە و جەمیلەدا ڕاوەستابوو و سازێکی پێ بوو؛ ئەو کاتەی کە ژنان ڕۆنیان دەدا بە پلاوەکە و ئاورەکەی ژێریان کز دەکرد؛ ئەوکاتەی کە لاوەکان ڕەشبەڵەک هەڵدەپەڕین و دەستی بووکیشیان گرتبوو. گەلاوێژ هێشتا دەنگی دایکی لە گوێیدا بوو کە بە حەمەی دەگوت: «کەی چاوم بە شایی تۆ دەکەوێ. دادەی ئەو هەموو کچەی لێیە». پاشان بە ئانقەست جەمیلەی خستبوە دەستی حەمەوە و هەردووکیان هاتبوونە ڕیزی هەڵپەڕکێوە. هێشتا لە بیری بوو کە چۆن فاتە خۆی بە حەمەوە نووساندبوو و لە جەمیلە تووڕە بوو. پاشان لاوەکان شەماڵیان هێنابووە سەرچۆپیەوە و شاباشیان کردبوو. ئەوە ئەو وێنەیە کە مەئموور دەیەوێ سەری لێ دەربێنێ «کە وابوو زۆر شت نازانن، ئەوە «تریفە» پێنج ساڵیە، ئەوان لە زەماوەندەکە دەکۆڵنەوە».

تەوفیر ناکا، بزانن و نەزانن لێدان و کوتان شێوەیانە. پێیان بە

شەللاق هەڵدڕ هەڵدڕ کردبوو و سەرو چاویان هەڵمساندبوو و فڕێیان دابوویە ناو ژوورێکی تاکە کەسی. گەلاوێژ هیچی لا گرنگ نەبوو ئەوە نەبێ کە دەیەویست بزانێ «تریفە»یان چ لێکردوە. نەی دەوێرا بیلێ. دەترسا ئازاری کچەکەی بدەن. هەموو زامەکانی بە لایەک و دووری «تریفە» بە لایەک. گریانی «تریفە» دەهاتە گوێی، نەی دەزانی ڕاستە یان خەیاڵە پێی ڕادەچڵەکێ. لە کونجی ژوورەکە کزکۆڵەی کردبوو و هیچی لە مێشک و لەبەر چاو نەبوو «تریفە» نەبێ.

دەریچە چکۆڵەی نێوان دەرکەکە کرایەوە. فاتە بوو دەیڕوانی. نەیدەزانی بەڕاستی ئەوە یان خەیاڵە هەڵیگرتوە و تاتێ هەیە و مێشکی شێواوە. بەڵام تاقەتی لێکدانەوەی نەبوو، هاواری کرد:

- فاتە، فاتمە، ئەمنم گەلاوێژ، منم فاتە.

بەمست لە دەرکەکەی دەکوتا و هاواری دەکرد، ئاخری دەرکەکە کرایەوە، ژنێکی زیندانەوان کە پۆتینی ساقۆڵ درێژی لە پێدا بوو لە نێو دەرکەکە ڕاوەستا، بەڵام گەلاوێژ نەی دیت، سەری هەڵێنابوو وای دەزانی فاتمەیە.

- چەتە دێڵە سەگ؟ مەگەر قۆت دەکێشن.

گەلاوێژ دەستی پێکەوە نابوو لە بەر زاری خۆی گرتبوو و دەکلوزایەوە

- فاتمە ئەمنم. گەلاوێژ، جیرانەکەتان، خوشکی حەمە، حەمەت وەبیر نایێ. منم فاتە. کچەکەم «تریفە»، بۆ کوێیان بردوە فاتە؟

- ئەو بەچکە زۆڵە؟



- کچی من زۆڵ نیە فاتە.

- فاتمە کێیە زایفە؟

گەلاوێژ سەری هەڵێنا، زانی هەڵەی کردوە، ئەژنۆی لە باوەش گرت و بێدەنگ بوو، پێی خۆش نەبوو ناوچاوی ژنە ببینی.

- بۆ لێچەر دەڵێی. هەر کاتێک عەقڵت بە مێشکدا هاتەوە و قسەکانت کرد کچەکەت دەبینی. دەی بڵێ چت دەوێ؟ کچەکەت دەوێ؟

گەلاوێژ لەبەر خۆیەوە ناڵاندی

-نەء ... نەء ... .

- ها... مەگەر زمانتیان بڕیوە، لەگەڵ تۆمە، ئیتر ناتەوێ تولە ریقنەکەت ببینی؟ بە بەرپرس بڵێم عاقڵ بووی؟... ڕاوەستە بزانم وادیارە برینەکانت گرساونەتەوە.

کوتی و بە پۆتینەوە پێی لەسەر برینەکانی پێی گەلاوێژ دانا. گەلاوێژ زریکاندی، لەپڕ کووتا دەستی ژنەی گرت و قامکی بەزاردا برد و گەستی. هەتا توانی کرۆشتی. ژن هاواری کرد و بە مست و پێلاقە کەوتە گیانی گەلاوێژ. یەک دوو ژنی دیکەش هاتنە یارمەتی. هەموویان جلی ئیزامیان لەبەردا بوو بەڵام روتبە و نیشانیان پێوە نەبوو. هەرکام بەش خۆیان کوتایان و فڕێیان دایە بن ژوورەکە و دەرکەیان پێوەدا.

زیندانەوان و مەئمووری ئەمن زانیان کە گەلاوێژ فاتمەی دەناسێ، بانگیان کرد و داوایان لێکرد خۆی لە گەلاوێژ نزیک بکاتەوە بزانێ چی پێیە و چی پێ نیە. هەواڵی برا و مێردەکەی دەزانێ یان نا، چی پێ

دەکرێ و چی پێ ناکرێ.

- ها ئەو قورسەشی بدەیێ، بزانم چی دەکەی.

فاتمە هەتا ژوورەکەی گەلاوێژ هەلأت. گەلاوێژ پێی سەیر بوو، فاتمە لەسەر چۆک دانیشت و بە خەمبارییەوە تەماشای گەلاوێژی کرد.

- چت بەسەر خۆت هێناوە گەلێ؟ تۆ لێرە چ دەکەی؟

- کچەکەم فاتە. کچەکەسیان بۆ کوێ بردوە؟

- کچی هەژار، قامکی ژنەت بە ددان کرۆشتوە، مەگەر شێت بووی؟

- بریا گەلووم هەلْپچریبا، دەلە دێو.

- سس، دەنگی پێ دێ، دەنگ مەکە، ئەمن ناناسی.

فاتمە قورسەکەی دا بە گەلاوێژ و هەستا لە درزی دەرکەوە چاوەچاوی کرد. لەو کاتەدا ژنە زیندانەوانەکە لە دەرێ هاتووچۆی دەکرد و بۆلەی دەهات.

- ئەو شەو دەدەم هەموو ددانەکانت دەرێنن قەحبە.

دەنگی پێ دوور کەوتەوە. فاتە هاتەوە دانیشت سێوێکی لە گیرفانی دەرێنا دای بە گەلاوێژ.

ئەوە کاری خۆی بوو پێیان نەکوتبوو. دەموچاوە گرد و سپیەکەی فاتمە لە نێو قاپی قژە رەشەکانی دا مات ببوو، بالأی کورت و شانی داکوتراو یادگاری سالْەها کار و کۆلْ کێشان بوو. چەنەی لەسەر دەستی و دەستی لەسەر ئەژنۆی دانابوو وەک باسی بیرەوەری بکات وتی:

- لە بیرتە لە مەکتەبی سەی زادە پێکەوە قورئانمان دەخوێند؟

- قورسی دیکەت پێ نیە فاتە؟



- لە بیرتە بە چاو بەستراوی قورئانت دەخوێند؟

- نەت کوت کچەکەسیان چی لێکردوە؟

- بۆ ئاوا هەلْدەلەرزی؟ چیە؟

- مەگەر نابینی؟

- خەتای خۆتە گەلێ. بۆ کەللە رەقی دەکەی؟ تۆ دەرست خوێندوە. مامۆستا بووی، بیری لێ بکەوە، ئێرەش وەکوو مەکتەبی سەی زادەیە هەتا زیاتر خۆی لێ گێل بکەی زیاترت لێدەدەن.

لە دەرەوە ترپە ترپی پێی چەند کەس هات. ژنێک زریکاندی و فاتمە بە پەلە هەستا و رۆیشت.

- بیری لێ بکەوە، باشە، هەمیسان دێم سەرت دەدەم.

دەرکە پێوەدرا و بیری گەلاوێژ چوەوە کاتی منداڵی، ئەو کاتەی کە لە مەکتەبی سەی زادە لەگەلْ کچەکانی گوندەکەیان قورئانیان دە خوێند. سەی زادە پیرێکی بەنگی بوو. مەلاژن بوو و پاش مردنی مێردەکەی ببوو بە مەکتەبداری قورئان. دایم سیگاری دەکێشا و بۆ هەر هەلْەیەک سێ داری لەسەر منداڵأن دەدا و لە نێوان ددانە کرمۆلْەکانیەوە هاواری دەکرد « غیرالمغلوب، غیرالمغلوب» دەتکوت ئەشکەنجەچیەکان هەموو لە ئەو فێر بوون کە بەدەم شەللاق وەشاندنەوە شت لە ئینسان دەپرسن. یاخود ئەو قسانەی کە پێیان گەیشتوە دەیگێڕنەوە

- تۆ کوتوتە مەکتەبەکانی ئێمە بوونەتە شیرەکێش خانە؟

- تۆبە بکە زالْم تۆبە. تەنیا دەرکەی تۆبە ئاوالْەیە.

- تۆ کوتوتە ئێمە مێشکی منداڵأن خراپ دەکەین. ترۆریست.

کافر، خراپکار، ئێستا وەبیرت هاتەوە مێردە دەیووسەکەت لە کوێیە؟

بەو دەنگ و دیمەنانەوە چووبووە خەو و هەر وڕاوەی دەکرد، تەواوی سبەینێ کەی کاتێک لێیان دەدا دیمەنی سەی زادەی لەبەر چاو بوو دەتکوت سەی زادە بوەتە مەشمووری ئەمن و پرسیار و وەڵامی ڕۆژی حەشری لێدەکا.

- ڕۆژی ئەوەڵی قەبر دێنە سەرت، دەتەوێ هەستی وەها سەرت لە بەڕێی قەبر دەدا کە شیری مەمکی دایکت لە لووتت دەڕژێتەوە.

شەوی دواییش هەر بەدەم وڕاوەوە دەچزقا کە فاتمە هاتە ژووریٰ و ڕای وەشاند.

- چەتە گەلاوێژ؟ بەخەبەری؟ بۆ هەڵدەلەرزی؟ حاڵت باش نیە؟

- هاتیەوە فاتمە؟ قورست بۆ هیناوم؟

- هێواش، ڕاوەستە با ژنە بڕوا... بۆ وا لە خۆت دەکەی کچێ؟

- قورست بۆ نەهێناوم؟ خەبەری «تریفە»ت نیە؟

- دەزانی ئەمن لێیان پاڕامەوە.

- لەبەر خۆتەوە بڕیارت بۆ من داوە؟

- وەدەزانی ئەوان ئەمنیان ناردوە؟ بڕوا بکە دڵم بۆت سووتا. ئاخر تۆ سزاوار نیت. داری مێردەکەت دەخۆی.

- یانی لە مێردەکەم جوێ بمەوە؟ براکەم ڕیسوا بکەم؟ تف لە خۆ بکەم؟ تۆبە بکەم؟ مەگەر من چم کردوە؟ مەگەر کورد بوون گوناهە؟

- لەخۆوە خۆت ڕۆژ ڕەش دەکەی، بیری کچەکەت بکەوە، بە تەنیا تۆ ڕزگاری بەدی نایەت.



- چی دیکەم نەماوە لە دەستی بدەم.

- پێت وایە؟! تازە سەرەتایە.

- من ئەوەی دەمزانی کوتم. هیچ نەماوە بیڵێم.

- هەتا درەنگ نەبوە خۆت بکشێنەوە. حاشاکردن قازانجی نیە. کەوڵت دەکەن. قسەت پێدەکەن. هەر ڕۆژ یەکێک دەگرن.

- قسەی من بە کەڵکی ئەوان نایە. ئەمن هیچکارەم و کەس ناناسم. چوار قسەم لەم لا و لەولا کردوە ئەویش بە قوربانیان بێ.

- منیش دەزانم تۆ هیچکارەی گەلێ، بەڵام...

گەلاوێژ بەرە بەرە تووڕە دەبوو، فاتمە زیاتر لە سنووری خۆی درێژەی دەدا. قسەکەی پێ بڕی.

- ئەوان بەم شتانە دەست هەڵناگرن.

- ئەگەر سەرسەختی نەکەی تەوفیر ناکا.

- چ بکەم...؟ جاشیەتی بکەم؟ لە دووی براکەم بکەوم بە گرتنی بدەم؟

فاتمە لە تووڕەیی گەلاوێژ چڵەکایەوە و هەتا توانی بەنەرمی کوتی

- ناوی ئەو مەبە. کارت بە حەمە نەبێ.

- هێشتا خۆشت دەوێ؟ لەبەر خاتری ئەو قورست بۆ هێنام؟

- قورسم بۆ هێناوی چونکە شەو تا بەیانی وەکوو سەگی دەرمان دراو دەنووزێنیتەوە. وەدەزانی من جەللادم؟

- ئێرە جەللادی کەم تێدا نیە.

- تەشەرم لێ مەدە. تۆ خەبەرت لە هیچ نیە، نازانی چم لێ

گوزەراوە.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و قسەکەی گۆڕی

- دوێنێ چووم سەرێک لە دایکت بدەم. دڵم بڕوای نەدا. لە ناو پەنجەرەکە دانیشتبوو چاوی لە کووچە بڕیبوو.

- بریا ڕۆیشتبای، دڵنیام زۆری پێخۆش دەبوو.

- پێم خۆش بوو، ئاواتم ئەوە بوو ڕۆژێک هاتبا کە لەگەڵ حەمە ڕۆیشتبام.

تاوێک بێدەنگ بوو و وەک ئارەزوو بگێڕێتەوە درێژەی بە قسەکەی دا

- ئای ئەگەر جەمیلە نەکەوتبایە نێوانمان.

- بۆ تۆ ئاگات لە حەمە نیە؟

فاتمە دڵی پڕ ببو، قسەی پێ نەکرا سەری ڕاوەشاند و هەستا. جگەرەیەکی دا بە گەلاوێژ و وەدەرکەوت. شەوگاری درێژی زیندان دەستی پێکرد.

***

دوو ژن ژێر باڵی گەلاوێژیان گرتبوو هێنایانە ژێرخانی ئەشکەنجە، ئەی دەتوانی لەسەر پێیە بریندارەکانی ڕێ بکا. ڕووناکی تاو لە کونەڕۆچنی بن میچەکەوە هاتبوە ژوورێ و پەڵە ڕووناکیەکی خستبوە سووچێک لە ژوورەکە، پەڵە ڕووناکیەکی گەورەتر لە نێوان ژوورەکە لەسەر تەرمێک کەوتبوو.

- چاوی بکەنەوە.



چاوبەندەکەی گەلاوێژیان هەڵگرت، ڕووناکییەکە لە چاوی دا، ئەی دیت کە چەند کەس لە تاریک و ڕوونی ناو ژێرخانەکەدا ڕاوەستاون بەڵام دەیزانی دەبێ چوار پێنج کەسی لێ بێ. مەئمووری ئەمن باڵی گرت و فڕێی دایە لای مەیتەکەوە.

- ئەو کابرایە مێردەکەی تۆ نیە؟ ئەوە شەماڵ نیە سەقەت بوە؟

تەرمی حەمە بوو. گەلاوێژ هاوارەکەی خۆی خواردەوە، چۆکی دادا، دەستی بە برینەکانی سەروچاوی حەمەدا هێنا، حەمە بوو، حەمە کوژرابوو. مەئموور پرچی گەلاوێژی گرت و سەری بە زۆر لکاند بە سەروچاوە خوێناویەکەی حەمەوە. دەڵمە خوێنەکان تلان بە سەروچاوی گەلاوێژەوە، لە پشت پەردەی فرمێسکەوە ژێرخانەکەی وەکوو دالانێکی زۆر درێژ هاتە بەر چاو کە مەئموورێک لە پێشی ڕاوەستاوە. لەبن دالانەکەوە ڕووناکیەک دەبیندرا مەئموور دەستەی شەللاقەکەی لە ژێر چەنەی گەلاوێژ دانابوو و دەی پرسی:

- ئەم زەلامە ناناسی، ئەم بەرازە سەقەت بووە مێردەکەی تۆ نیە؟

گەلاوێژ هێزی دایە لاقی، خۆی ڕاست کردەوە، ژوورەکە بە دەور سەری دا سووڕا، بەدەور خۆی دا خولی خواردەوە و هاواری کرد

- شەماڵی من زیندوە.

مەئموور شەللاقەکەی داوەشاند لە دەور کەمەری گەلاوێژ هاڵا و خستی. لە کەوتن دا لەپێ لە چرا کڵاوداره‌کەی ناو ژوورەکە کەوت. چراکە دەهات و دەچوو و دیمەنی جەللادەکانی یەک بە یەک ڕوون دەکردەوە، دەتکوت نۆبە بۆێریان دەکا و هەرکام بە نۆبە خۆیان دەگەیاندە

گەلاوێژ و دەیانکوتا. بردیان لەسەر کەتەکە بەستیانەوە و لێدان بە دەور دەستی پێکرد. وەکوو گورگی هاریان لێهاتبوو. وادیار بوو بە تازەیی زۆریان لێ کوژرابوو. گەلاوێژ لە تاوی زامی پای و زەربەی شەللاخ و زامی دڵی نەی دەزانی؛ نە، نەی دەتوانی بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە، تەنیا هاواری دەکرد، دەیقیژاند، دەی زریکاند و سەری لە تەختەی کەتەکە دەکوتا. لە نێوان هاوار و ئێش و جنێو و شەللاخ و دیمەنی تێک هاڵاوی ئەشکەنجەچیەکان دا جارێک فاتمەی دیت کە ڕەنگ هەڵپرووکاو خۆی بە دیوارەکەوە نووساندبوو. جارێکیش، تا چەند جاریش تریفەی دیت کە دەگریا، ئەوە ئەوەندەی دیکەش ئاوری دا، قیژاندی و جنێوی دا، مەشموورێک کوتە پەرۆیەکی چڵکن و خوێناوی بەسەر و چاوی دا دا هەتا بێدەنگی کا. ئای کە ئینسان چەند گیان سەختە هاواریشیان لێ بڕیبوو و هێشتا هەڵدەپلی. دەیزانی تریفەیان لەسەر ئاور ڕاگرتوە و هاوار دەکا دایە. مێشکی بە فریای گەیشتبوو توورەییکی بۆ دروست کردبوو کە بتوانێ بەرەنگاری هەموو ژان و زامێک بکا. ئای کە مرۆڤ چەند ناسکە. گەلاوێژ بوورایەوە، دنیای لێ ڕەش بوو، کش و مات و بێ جووڵە لە ژێر دەستی ئەشکەنجەچیەکان دا خاو بۆوە.

***

ڕۆژی دوایی گەلاوێژ لە نەخۆشخانە چاوی کردەوە. سیرزمێکیان لە دەستێکی دابوو و ئەو دەستەکەیان بە کەلەپچە بە کەتەکەوە بەستبوو.



سەروکلاوی ئیزامیەک لە شیشەی سەرەوەی دەرکەکەوە دیار بوو. ژنێکی سپی پۆش هات سەرێکی دا و ڕۆیشت. هێندی پێ نەچوو دەرکە کرایەوە و فاتمە هاتە ژووری و لە لای سەرووی تەختەکەوە دانیشت. گەلاوێژ ڕووی لێ هەڵچەرخاند.

- ڕووم لێ مەچەرخێنە، ڕاستە ئەوان منیان ناردوە بەڵام ئەمن قسەی خۆمت بۆ دەکەم. ئەمن کەمتر لە تۆ داخدار نیم.

چاوی پڕ بوو لە فرمێسک بەڵام نەیویست کەس بزانێ. لێوی چارشێوەکەی هێنایە پێشی.

- من لەبەر حەمە لەوێ بووم. ئەو پێی کوتبووم. ئێستا کە ئەو نەماوە منیش دەڕۆم، ئاواتەکانم لەگەڵ خۆم دەبەم و خۆم شۆن ون دەکەم.

بە لێوی چارشێوەکەی فرمێسکەکەی سڕیەوە. گەلاوێژ ڕووی تێکرد.

- جەمیلەم ئاگادار کردوە کە لێرەی. ئاخر ڕێگات ئەوەیە کە قەولیان پێ بدەی. بڵێ دەچم شەماڵ دێنمەوە. هەر ئەبێ جێگاکەی دەبێنمەوە. وا نەکەی ناهێڵن کچەکەت ببینی. جەمیلە دێ لە دووت. پێت دەڵێ چ بکەی.

- ئەمەش پیلانی ئەوانە؟

- ڕەنگە خەتی جەمیلە بناسیەوە!

کوتە کاغەزێکی بە بیانووی لێفە چاککردنەوە لە نێو سینگی گەلاوێژ دانا.

- خەبەری حەمەیان داوە بە دایکت، حاڵی باش نیە. بردوویانە بۆ نەخۆشخانەی تایبەتی. ئەگەر توانیت سەری لێ بدە.

چاوی بە پشتە دەست سڕیەوە و چارشێوەکەی هێنایە پێشێ و هەستا.

- خوات لەگەڵ.

ڕۆیشت. دووهەنگاو دوور نەکەوتبۆوە کە گەلاوێژ بانگی کرد.

-فاتمە.

فاتمە ئاوڕی داوە، تاوێک تەواشای یەکتریان کرد. فاتمە چاوی هەڵبڕی و ڕۆیشتە دەرێ. گەلاوێژ هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە دزیەوە چاوی لە کاغەزەکە کرد، نووسرابوو: «شەوی یەکەم دەرکە دامەخە. جەمیلە» کاغەزەکەی لە زاری نا و جوی.

***

هەر ئەوەندە کە گەلاوێژ هێزێکی هاتەوە بەر، بردیانەوە زیندان. بەرپرسی ئەمن بانگی کرد. گەلاوێژ پێی کوت کە تاقەتی دووری تریفەی نەماوە و دەیەوێ هاوکارییان لەگەڵ بکا.

- ئەگەر ڕۆژی یەکەم ئەم فکرەت کردبا ئەوەندە ئازاری خۆتت نەدەدا، ئێستاش پێویست نیە بڵێم، خۆت دەزانی کە هەموو شتێک تەبڕاوەتەوە و چاودێریشت دەکەین. ناتوانی فریومان بدەی... دوایە دەتوانی بچیتەوە سەرکارەکەیشت.

- دەمەوێ بڕۆم دایکم ببینم.

بەرپرس ڕووی کردە یەکێکی دیکە کە بێدەنگ لەوێ ڕاوەستابوو و



کوتی

- بیبەن دایکی ببینێ، لەوێشەوە بیبەنەوە ماڵێ.

تریفەیان هێنا. زەرد و لاواز ببوو. باوەشی بە دایکیدا کرد وەکوو ئینسانێکی بەساڵدا چوو بێدەنگ فرمێسکی دادەوەراند. گەلاوێژ لە ئامێزی گوشی و سەری لە بناملی دانا و بۆنەکەی هەڵمژی و سوار ماشینی ئەمن بوون.

ماشینەکە پاش گەڕانی چەند شەقام گەیشتە نەخۆشخانەیەک کە هیچ لە سەردەرکەکەی نەنووسرابوو. مەئموورەکە هەتا پشت دەرکەی ژووری دایە لەگەڵی هات. دایە لە پشت پەنجەرەیەک دانیشتبوو. جلە زەڕییەکانی لەبەردا بوو، بیست ساڵ زیاتر بوو ئەو جلانەی لەبەر نەکردبوو. پەنجەرەکە بە یەک ڕیز میلە گیرابوو.

- دایە منم گەلاوێژ.

دایە ئاوڕی دایەوە. وەک ئەی ناسیێتەوە وابوو، کز و لاواز و پیرتر ببوو. قژە سپییەکانی شانە نەکرابوون. باڵا کورتەکەی ئەی دەهێشت پشت کۆمیەکەی پێوە دیار بێ. چاوە ڕەشەکانی لە قووڵایی چاوخانەدا سەرگەردان دەهاتن و دەچوون.

- چەندە لاواز بووی کچم.

هیچ هەوڵی نەدا باوەش بە گەلاوێژدا بکا لەسەر لێوارەی کەتەکە دانیشت دەستە کۆڵ بووەکانی لێک هەڵپێکا و بە سەردی کوتی

- بۆ کچەکەت لەگەڵ خۆت نەهێناوە؟

پێش ئەوەی گەلاوێژ وەلام بداتەوە چاودێرێک کە بە ڕواڵەت خەریکی

کۆکردنەوەی ژوورەکە بوو بەڵام لە راستیدا گوێی لە قسەیان راگرتبوو، کوتی

– کوتبووم کە هێنانی منداڵ قەدەغەیە نەنە، نەم کوتبوو...؟ قەدەغەیە بچیتە دەرێ، قەدەغەیە دەزانی چیە؟ ئێرە سەرمەزار نیە.

– ئیزرائیل! ئەمانە ئاخری دیق کوژم دەکەن.

– گەلاوێژ لە پێش پای دایە بە چۆکدا هات و سەری لە باوەشی دایکی دانا. دەستە تاڵ هەڵگەڕاوەکانی دایە لەگەڵ دەستە بارێک و سپیەکانی گەلاوێژ پێکەوە گرێ دران، پاشان چنگی لە قژە خورماییەکانی گەلاوێژ خست. بێدەنگ چاوی لە تاوی پشت میلەکان بڕیبوو، دەتکوت لە بیری منداڵی گەلاوێژدایە. وەک لەگەڵ بیرەوەریە دوورەکانیدا قسە بکا کوتی

– خەونم دیبوو... دەمزانی... بەشی منیش ئەمە بوو.

وەک دایکێک مەمک لە زاری منداڵەکەی دەرێنێ دەستی گەلاوێژی بەردا، گەلاوێژ هەستا، دایە لەسەر کەتەکە گلۆفە بوو، گەلاوێژ رۆیشتبوو.

ماشینەکە بەرەو ماڵی گەلاوێژ دەڕۆیشت، گەلاوێژ سەری تریفەی لە باوەش دانابوو و سەری بە شیشەکەوە نابوو لە پشت پەردەی ئەسرینەوە رۆژە رەشەکانی دایکی دەورە دەکردەوە. ئەو رۆژەی کە بابیان مردبوو و دایە لەو دنیا بەتەنێ مابوو. ئەو رۆژەی کە حەمەیان برد بۆ سەربازی و



کوڕی لە ماڵ ئەما بوو لە ژێر بارانەکەدا راوەستابوو، دوور کەوتنەوەی ماشینی ژاندارمەکانی تەواشا دەکرد. ئەو رۆژەی کە کۆچیان کرد بۆ شار و لە ناو کوچە کان دا دەنووستن. ئەو رۆژەی کە شەڕ بوو و دایە بە سەرپۆشە سپیەکەیەوە بە ناو مەیتەکان دا لە حەمە دەگەڕا و کوڕی جیرانەکەیانی دیتەوە و دەستە خوێناوییەکانی بە سەروچاوی خۆی دا کێشا. وە ئێستا کە لە پشت میلەی ژووری شێتخانە دا هێواش هێواش دەتوێتەوە و وشک دادێ.

– خەمی ئاخرت بێ دایکی حەمە.

ماڵەکە لەوە زیاتر هەڵشێوابوو کە گەلاوێژ بتوانێ خۆی بکاتەوە. ئەوەندەی پێکرا دەستێک نوێن بێنێ لەسەر کەتەکەی ناو حەوشی رابخا و ئاگرێک بە تەپاڵە دروست بکا کە مێشوولە تریفە نەخوا، پاشان دانیشێ تا بزانێ کاغەزەکە راست بوو یا پیلانێکی دیکە لە گۆڕدایە.

شەو درەنگ ببوو و تریفە نووستبوو و گەلاوێژ چاوی لە ئەستێرەکان بڕیبوو و خەیاڵ هەتا کاکێشانی هەڵکێشابوو کە لایەکی دەرکەی حەوشەکە کرایەوە و جەمیلە و کوڕێک بە ئەسپایی هاتنە ژوورێ. جەمیلە باوەشی بە گەلاوێژدا کرد. جێگای قسە و باس نەبوو. کوڕەکە تریفەی لە باوەش کرد و چوونە ناو ماشینێکی وانێت کە چەند پێشمەرگە لەبەر دەرکە رایان گرتبوو. ماشینەکە لە شەودا بەرەو دێیەکانی دەور شار وەڕێ کەوت.

دێیەکانی دەور شار هیچیان ئەمن نەبوو. پێگەیان لێ نزیک بوو و

نەدەکرا گەلاوێژی لێ بمێنێتەوە. بە جادەش دا نەدەکرا بڕۆن چون پێگە و بنکەی نیزامی لەسەر ڕێگا بوو. یەکێک لە پێشمەرگەکان و بەلەدچییەک دوو قاتریان گرت و گەلاوێژیان سوار کرد و بەرەو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە وەڕێ کەوتن. دۆڵاودۆڵ و شاخەوشاخ. ناوچەیەکیان تێپەڕ کرد. بۆ گەیشتن بە ناوچەیەکی دیکە دەبوا لە ڕێگای ئەسفاڵت پەڕیبانەوە کە نزیکەو دوژمن بوو و شەڕی لێ نزیک بوو یا دەبوا بە بەردەسپی دا بچن کە شاخێکی هەزار بە هەزارە و بە دوو ڕۆژ دەر نەدەچوون.

گەلاوێژ تریفەی لە باوەشی خۆی دانابوو، بە سینگیەوە لکاندبوو با سەرمای شەو کاری تێ نەکا.

لە ناسۆکە ئاوا بوون پێشمەرگەکەش دابەزی، گەرچی شارەزای ڕێگاکە نەبوو بەڵام دەیزانی لە بۆسە پەڕینەوە بە چەکێکەوە کارێکی ناشیانەیە.

– باشە بۆ دەور نەدەینەوە؟

بەلەدچیەکە وەک هەموو ئینسانێک کە ئەگەر لێی نەقەومابێ ترسی نیە بە تێزادیوی کوتی

– بە کوێدا؟ ئەو لا بۆ شار دەچێ؛ ئەو لاش شاخێکی هەزار بە هەزارە بە دوو ڕۆژ دەرناچین. تەنیا ڕێگا هەر نێوان ئەو دوو تەپکەیە.

– ئەی نالێی دوێنێ شەڕی لێ بووە؟

پێم وانیە ئەوێیان گرتبێ. ئەوڕۆش خەڵک هاتووچۆی کردوە.

– زۆر باشە، ئەمن لە پێشەوە دەڕۆم. ئێوە لە سەرەخۆ بە دووم دا وەرن.



پێشمەرگەکە لە پێشەوە ڕۆیشت و دوور بۆوە، گەلاوێژ پاروویەک نانی دا بە تریفە نەکا برسی بێ. بەلەدچییەکە سوار قاترەکەی دیکە بوو و هەوساری قاترەکەی گەلاوێژی لە کورتانی قاترەکەی خۆی بەستەوە. چرپە چرپ و بە ئەسپایی دەڕۆیشتن. لە نزیک ڕێگایەکی تەنگەبەر بەلەدچییەکە دابەزی. چەند هەنگاوێکی دیکەش ڕۆیشتن لە ناکاو تەقە بەرز بۆوە، لە بۆسە کوتبوون. قاترەکان سڵیان کرد، گەلاوێژ و تریفەیان هەڵدێرا و هەڵاتن، بەلەدچییەکە هەر کە گوێی لە تەقە ببوو قاترەکانی بەردابوو و خۆی لە پەنا بەردێک هاویشتبوو. گەلاوێژ بە سینگە خشکێ خۆی گەیاندە تریفە کە لەبەر بوونەوەدا لەو لای ڕێگاکە کەوتبوو. خۆی بە سەریدا کێشا و لەگەڵ خۆی بردیەناو قوڵکەیەک. گوللە لە دەوروبەریانی دەدا، پاش ماوەیەک تەقە ڕاوەستا. هێندێک بێدەنگی وڵاتی داگرت، کەس نەیدەزانی چ بکا. تریفە نووکەی لێوە نەدەهات. ئەو چیا و چۆڵە بێدەنگ ببوو، بێدەنگیەکی سامناک. گەلاوێژ هەناسەی خۆی ڕاگرتبوو نەکا بە ترپەی دڵی دا بیدۆزنەوە. گەرمای لەشی تریفە هەم دەی ترساند هەم دڵی دەدایە. لە پڕ دوو چرای دەستی هەڵکران، سێ چوار نیزامی بە دەوروبەری ڕێگاکەدا دەگەڕان و شەوقی چراکەیان لەم لاو لەولا دەگرت. جارێک شەوقی چراکە بە پشت گەلاوێژدا گەڕا بەڵام هەستیان پێ نەکرد.

ئەرێ چییان لێهات؟

– دابزانین لە کام کەنداڵ کەوتوون، بڕۆین نابێ لێرە ڕاوەستین، ئەو کوژراوەی دەبەین، سەگباب چاک دەستی کردەوە. سبەی بیبەستن بە ماشینەوە و لە شار بیگێڕن.

چرای ماشینێک هەڵ بوو، ئیزامیەکان سوار بوون، ماشێن لە تاریکی شەودا دوور کەوتەوە. شەوقی چراکەی تاریکی شەوی دەبڕی و هاڕەی بێدەنگی دەشکاند. بەڵام ترسی لە ڕێبوارەکان دوور کردەوە، بەڵەدچی بەرفان خۆی گەیاندە ئەمبەری ڕێگاکە.

- لە کوێی؟ هەستە ڕۆیشتن، سەگبابانە بۆسەیان دانابوو، ئەگینا من دەزانم هێشتا ئیزەیان نەگرتوە.

گەلاوێژ هەستا بەڵام تریفە جوولەی نەبوو.

- تریفە، تریفە گیان، تریفە هەستە.

ڕایوەشاند. تریفە برینێک لە لا جانگی دا بوو، لە کاتی کەوتنەکەدا لە بەردی دابوو، وەک ئاخر هەناسەی بۆ گەردن ئازایی لە دایکی ڕاگرتبێ چاوی هەڵێنا، تەواشایەکی دایکی کرد و دایکی لەو دنیا تاریکەدا بەتەنێ بەجێ هێشت.

- تریفە هەستە، تریفە، تریفە گیان.

نا نەیدەویست باوەڕ بکا

- نا ناهێڵم، نا... نا

ماچی دەکرد، چاوی هەڵدێنا، هاواری کرد، بە دەوری دا گەڕا، بە قوربانی بوو، بەسەر خودای دا قیژاند، لە مێژ بوو ئەوەندە خۆی بێدەسەڵات نەزانیبوو کە هاوار لە خودا بکا. تریفەی لە سینگ دەگوشی، تەواشای دەکرد، هەڵدەهات، هەمیسان تەواشای دەکرد و دەیناڵاند.

- شەماڵ، شەماڵ بگەیە تریفەت شەماڵ. نا... تریفە نا.

کەوت، هەستایەوە، بە ڕێگادا دەچوو و بێ وچان دیگوت «نە... نە



تریفە... وام لێ مەکە. ئەمە ئیتر زۆرە.» ئاو دەشتەکەی گرتبوو دەڕۆیشت، بیری لە هیچ نەدەکردەوە. بەڵەدچیەکە هات دەستی لەسەر شانی دانا، ڕایگرت

- بۆ کوێ خوشکم ڕاوەستە، لە پەنا ئەو بەردە دانیشە تا بڕۆم بزانم خەڵکێک نابینمەوە.

تریفە لە باوەشی دا سارد ببۆوە، جار جار دەمی لە دەمی دەنا، فرمێسکە گەرمەکانی سەر گۆنا سپیەکانی تریفەی تەڕ دەکرد. وڕ ببوو، مێشکی دیشا، چاوی دوو پۆلوو ئاگریان تێنابوو، «ئای کە مردن چەند خۆشترە، ئای کە مردن ڕزگاریە.»

بەرەبەرە کازیوە هەڵدەهات، دەکرا کێو و دۆڵەکان لێک جوێ بکەیەوە، شنە بایەک هەڵیکردبوو گوڵ و گیای دەلەراندەوە، ژیان دەستی پێدەکردەوە، ژیانی تریفە نەبێ. گەلاوێژ جار جار بە بیردا دەچوو وەک خەو دایبگرێ و جار جار بە خۆدا دەهاتەوە. دەیقیژاند بەڵام دەنگی کپ ببوو و وەدەرنەدەهات. هەوا ڕوون ببۆوە لە ئاسۆوە چوار کەس دەبیندران، بەڵەدچیەکە بوو کە ڕۆیشتبوو یارمەتی بێنێ لە ڕێگادا گەیشتبوە زۆراو و دادەخاوەر و مەلیعە و غەریب کە لە شارەوە بەرەو لای خۆیان دەچوون. بە نزیک بوونەوەی ئەوان گریان هێزێکی تازەی گرت و بوو بە شیوەن. دادە خاوەر و مەلیعە خۆیان پێ ڕانەگیرا لە پرمەی گریانیان دا.

- وەی کوڕپە شیرینەکەم، وەی چۆن خەوی لێکەوتوە.

گەلاوێژ بووڕایەوە، زۆراو هاتە دەنگ

- بەسە دەڵێی تا ئێستا کەستان لێ نەمردوە. چارەیەک بکەن، ئەو

دایکە بەستەزمانەشی دەفەوتێ.

مەلیعە هێندێک ئاوی لەسەروچاوی گەلاوێژ پڕاند، جامەکەی گرتە پێشی بەڵام گەلاوێژ نەیخواردەوە، دادە خاوەر تریفەی لە باوەشی گەلاوێژدا هەڵگرت. گەلاوێژ قیژاندی.

– نایدەم... لەگەڵ خۆم دەیبەم، دەیدەمە دەست شەماڵ. نادیدە...م.

دادە خاوەر سەری گەلاوێژی ماچ کرد و کوتی

– هەوا گەرمە رۆڵە. رێگای زۆرمان لە پێشە.

غەریب و زۆراو قەبرێکیان هەڵکەندبوو و تریفەیان وەکوو شەهیدێک بە جلی خۆیەوە لە ناو قەبرەکە دانا. گەلاوێژ بە گاگۆلکێ خۆی گەیاندە قەبرەکە و خۆی بەسەردا کێشا. مەلیعە و دادە خاوەر گرتیان، چنگی لە زەوی دەدا، دادە خاوەر مشتێک خاکی بەسەری دا کرد.

– هەستە کچێ ناوی خودا بێنە. ئەو هەموو شێرە کوڕە لەو بەندەنانە شەهید بوون.

مەلیعە چاو بە فرمێسک دڵداری گەلاوێژی دەداوە

– بەشی دایک هەر ئەمەیە.. خەم مەخۆ بەهار ئەم ناوە پڕ دەبێ لە شلێرە، کچەکەت بە تەنیا نامێنێ.

غەریب لەو لاوە بە دڵسۆزییەوە دەنگی هەڵێنا

– ئەرتەش گەیشتووەتە ئەو سەر باسکانە، دەبێ بڕۆین، پەلە بکەن.

ژێر باڵی گەلاوێژیان گرت. گەلاوێژ بە نسکەی گریانەوە هەر چاوی لەدوا بوو «چۆنی بەجێ بێڵم، یانی ژیان ئاوایە؟» دوور بوونەوە، دەنگی تەقەی دوور بەدەم باوە دەهات. تریفە بە تەنێ مابوو.



کوێخا دەرکی ژووریماڵی دادە خاوەری کردەوە و چووە ژوورێ، گەلاوێژ و دادەخاوەر و غەریب و زۆراو تازە لە رێگاوە گەیشتبوون، ئاوات لە قولینچکی نێوان دوودەستە نوێن دا کزی کردبوو، لۆی کراسەکەی بەسەر لاقە رووتەکانی دا کێشابوو، مات بوونەکەی لە منداڵێکی هەشت نۆ ساڵە نەدەچوو. کوێخا گەورەی ئاوەدانی بوو، بە جەوانی چەند ساڵ کوێخایەتی کردبوو لەوەو دوا دەوڵەت نەی هێشتبوو کوێخا بێ، بەڵام رێزی لای خەڵک هەبوو و هەر لەلای ژوورەوەیان دادەنا و لەبەری هەڵدەستان. لە ژووری ماڵەکەوە پاڵی بە نوێنەکەوە دا و دادەخاوەر بەدەم چای تێکردنەوە بەخێرهاتنی کرد.

گەلاوێژ لە پاڵ سەماوەرەکە پاڵی بە دار تەونەکەوە دابوو و ئەژنۆی لە باوەش گرتبوو. بەرماڵێکیان بەسەر شانیدا دابوو، کوێخا بێدەنگیەکەی شکاند.

– بەخێر بێی خوشکم ئیشاڵلاّ خەمی ئاخرت بێ.

گەلاوێژ لە ژێر لێوەوە سرتەیەکی کرد کە نەبیسترا، سەری داخستبوو و لەرز هەموو گیانی دەچزقاند. خاوەر چایەکەی گەلاوێژی گۆڕا و بە دڵسۆزییەوە کوتی

– ئەو چایە بخۆ کچم با وەهەمت بڕەوێتەوە.

کوێخا هەروا کە سەری داخستبوو و چایەکەی لەژێر پیاڵەکە دەکرد بە خاوەری کوت.

– بۆ ئەو کچەتان نەهێنا ماڵی ئێمە با لەگەڵ کچەکان بێ.

- ئێرەش هەر ماڵی تۆیە، لێرە ئەمنم و ئەو منداڵە غەریبە، ئیتر لە ڕێگاوە هاتینە ئێرە. کوێخا ڕووی لە غەریب کرد.

- هەتا کوێ هاتوون؟

- سەر باسکەکەی سوورەکێویان گرتووە بەڵام پێم وانیە جێگیر بن.

زۆراو درێژەی بە قسەکەی غەریب دا.

- ئەگەر لەوێ بمێننەوە ڕێگاکەمان لێ ناخۆش دەبێ.

کوێخا بەدەم چای خواردنەوە بە لەخۆڕادیوی کوتی.

- تا بزانین هەتا سبەی شەو چ دەبێ.

غەریب هەستا بڕوا.

- ئەگەر کارتان نییە ئەمن دەبێ بە کارەکانم ڕابگەم، خودا سەبر بدا دادەگیان.

گەلاوێژ بە لۆی سەرپۆشەکەی فرمێسکەکەی سڕیەوە و دادەخاوەر خاوەر هەستا چووە هێشخان کە بە پەردەیەک لە ژوورەکە جوێ دەبوەوە. دەرکە کرایەوە و مەلێعە مەجمەعەیەکی بە دەستەوە بوو لە ناو دەرکە دیاری دا، زۆراو هەستا و مەجمەعەکەی لێ ئەستاند و لە پێش گەلاوێژی دانا. چەند نان و دووکاسە شۆرباو و هێندێک پیوازی تێدا بوو، خاوەر لە هێشخان هاتە دەرێ، زۆراو پاوەپای دەکرد بڕوا.

- کا زۆراو دانیشە لەگەڵمان بخۆ، تۆیش وەکوو برامانی.

لوقمان شێتی بەناوبانگی ئاوەدانی کە لە هەر جێگایەک بۆنی میوانی کردبا پەیدای دەبوو پێش ئەوەی زۆراو وەدەرکەوێ هاتە ژوورێ و یەک ڕاست چوە سەر مەجمەعەکە.



- سلاو ... هە... هە...

پاڵتەوە زەلامەکەی زستانی هەر لەبەردا بوو، هەتا زستانی دیکەش هەر لەبەریدا دەما. بە هەموو ژنانی دەکوت دادە. پەری و هەموو پیاوانی بانگ دەکرد مامە پیرە.

زۆراو تێی خوڕی.

- تۆ بۆ هاتووی شێتی خودا کوشتوو، هەستە بڕۆین، هەستە.

لوقمان چاوی لە نان و چێشتەکە بڕیبوو بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە کوتی

- ئاخل دادە پەلی هاتووە... هەم

خاوەر کە دیتی ئاوات بە دیتنی لوقمان گەشایەوە، بوو بە نێوبژیکەر و کوتی:

- لێی گەڕێ بەستەزمانە، ئازاری نیە، ئاوات پێی خۆشە.

ئاوات هاتە پێشێ بە بزەیەکەوە لە لوقمانی پرسی:

- لوقمان دایکمو نەدیت؟

لوقمان نانێکی هەڵگرت کردی بە دوو لەت و کوتی:

- دەی بینم... هە... ئاخل جالێ بلسیمە... وەلە پێشێ.

زۆراو کە دەچوە دەرێ کوتی

- دوایە مەلێعە دەنێرم دادەخاوەر، خوا سەبر بدا دادە، خودا بابی بهێڵێ. کوێخاش هەستا.

- ئەگەر شتێک پێویست بوو شەرمی ناوێ خاوەر. خودا سەبر بدا خوشکم.

- سەرچاوم، ماڵو ئاوەدان بێ، جەرگو نەسووتێ.

خاوەر بەدەم جوابدانەوە پشت دەرکەکەی داخست، لوقمان کاسەیەکی تێگوشی بوو و چڵپ و لێس بە دەست دەیخوارد و بە ئاواتیشی پێشکەش دەکرد. بەڵام ئاوات لێی وەرنەدەگرت، نانێکی ئیشکی هەڵگرتبوو و دەیخوارد و تەواشای لوقمانی دەکرد.

- هەم... میاو... هەم... وەلە پێشی دادە پەلی، ئەتۆیش دادە پەلی گیان.

ئاوات پێدەکەنی و گەلاوێژ بەسەیرەوە چاوی لێدەکرد. خاوەر خۆی لێ توورەکرد.

- هەستە کاسەکەت بەرەو بڕۆ ئەو لاوە هیچ ولاتت نەهێشت. وەرە کچم وەرە پاروە نانێک بخۆ با لانی کەم هێزی گریانت هەبێ.

گەلاوێژ بە هێواشی و دڵپڕیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و کوتی:

- ناتوانم، سپاس.

خاوەر پاروویەکی بۆ ئاوات گرت، ئاوات پاروە نانەکەی لێ وەرگرت و چوە لای لوقمانەوە کە لە شان دەرکەکەدا بن کاسەکەی دەلستەوە. ئاوات وەک لەگەڵ هاوکایەی خۆی بدوێ:

- میاو... منیش هاتم.

خاوەر بە جۆرێک کە ئاوات گوێی لێ نەبێ بۆ گەلاوێژی گێڕایەوە:

- دایکی بە کیمیاویەکە کوژراوە. غەریبە، مانگێک دەبێ لێرەیە. پێمان نەکوتوە، هەرماتڵە دایکی بێتەوە.

گەلاوێژ سەری لەسەر ئەژنۆی دانا و گریانێکی بێدەنگ شانەکانی



لەراندەوە. خاوەر فرمێسکەکانی بە لۆی سۆزانیەکەی سڕیەوە و مەجمەعەکەی هەڵگرت بردیە هێشخان.

- دادە پەلی، بیدە بەمن بلسیمە.. میاو.

- وەرە ئێرە بیخۆ، پاشان مەجمەعە و کاسەکان بەرەوە بۆ مەلێعە.

- ئەمنت نەبا چت دەکلد دادە پەلی. بۆ مێلدم پێ ناکەی؟

لوقمان کە دەرۆیشت بەرەو هێشخان یەک دوو کلۆ قەندی لە قەندانەکە هەڵگرت. ئاواتیش لە دووی کەوت.

هێندەی پێ نەچوو چوار پێنج ژن یەک بەدووی یەکدا هاتنە ژووری بۆ سەرەخۆشی. هەر کامیان پیارزگێکی دیاریان پێ بوو، قەندێک، برنجێک، بڕوێشێک... سەریان لەباوەش گەلاوێژ داندەنا بگرین و شیوەن بکەن وەک لە پرسەی ژنانە باوە. فاتحەشیان نەدەخوێند، چون منداڵ بێ گوناهە، سەرەخۆشیان لە گەلاوێژ دەکرد و هەڵیان دەدایە: «بەش خوا، کلۆڵ بم، ئەی بەستەزمان.» هێندێکیشیان داخی خۆی تازە دەبوەوە و دەگریا و مردوەکەی خۆی دەلاواندەوە. گەلاوێژ گوێی دەدا، دەگریا لە دڵەوە دەکولا، شەماڵی دەهاتە بەرچاو، شەماڵ تریفەی لە قەلاندۆش دانابوو و دەڕۆیشت، بێ ئەوەی خەو بیباتەوە خەونی دەدیت. خەونی منداڵیەکانی تریفە، پێکەنینەکانی، خەونی شەماڵ. «ئای شەماڵ لە کوێی بزانی تریفەت چی لێهات.» دەنگی شەماڵ، پێکەنینەکەی دەهاتە گوێی و دەکولا و فرمێسک بە چاوە سوور بوەکانی دا دەهات. جەرگی ئاگری گرتبوو نەدەکوژایەوە.

- رۆڵە واناب، چەند رۆژە تۆ هیچت نەخواردوە. خۆ نابێ خۆت

بکوژی. دوو دێڕ بنووسە بۆ مێردەکەت بەڵکوو هات، هەرچۆنێک بێ بابیەتی.

نامەی بۆ شەماڵ نووسی بەڵام دڵی نەهات خەبەری بەسەرهاتی تریفەی بۆ بنووسێ، تەنیا نووسی ئەوە لێرەم و چاوەڕوانی تۆم. هێندێکیش باسی زیندان و هەڵاتنی بۆ نووسی.

دادەخاوەر نامەکەی برد بۆ کوێخا و کوتی.

- دەڵێ مێردەکەی لای بەردەڕەشە لە بەرزە کێوەبەڵام ساڵێ زیاترە هەواڵی لێی نیە.

کوێخا لەگەڵ پێشمەرگەکان نێوانی هەبوو، بەرپرسی هێزی بەرگری ئەو ناوچە بوو. بەڵام لەو کاتەدا لە ڕێگاکە ئەمین نەبوو پاش ئەو هێرشەی دوایی کەس بەو ڕێگادا هاتووچۆی نەکردبوو. دەیزانی لەسەر ڕێگاکە پێگەیان داناوە، بەڵام نەیدەزانی تا چ ڕادەیەک شەپکە توندە. ڕووی لە ڕەسووڵ کرد و پرسی:

- ڕەسوو تۆ دەڵێی چی؟

- جا چت عەرزکەم، ئەوە سێ ڕۆژە کەس بەو بوارەدا هاتووچووی نەکردوە.

کوێخا گۆچانێکی بۆ ڕۆژی ئاوا ساز کردبوو کە نێوەکەی هەڵکۆڵی بوو و بە ئاسنێک سەری گرتبوو، نامەکەی لە ناو گۆچانەکەدا شاردەوە.

- غەریب! ئا لوقمانم بۆ بێبنەوە.

هەتا کوێخا ئاسنەکەی لە جێگای خۆی دانێتەوە و بزماری لێدا لوقمان هاتە ژووری.



- سلاو مامە پیلە. ئەولۆ نانتان نەکلدوە؟

- لوقمان ناتەوێ بڕۆی بۆ ماڵی خاڵە وەیسە. ئەوەی گۆشتەکەی بۆ برژاندی؟

- ئا... دەلۆم.

- ها، ئەو گۆچانەش لەگەڵ خۆت بەرە، لە ڕێگا فڕێی نەدەی، ئەگینا گۆشتت نادەنێ.

- ئاخل بلسیمە.

- غەریب بڵێ نان وشیرێژی بۆ لە سفرەکەی کەن. دەبڕۆ دەی بزانم چۆن بە ئازایی دەڕۆی و دەگەڕێیەوە... غەریب هەتا سەرگردەکە لەگەڵی ڕۆ.

***

لە نەبوونی لوقماندا ئاوات هۆگری گەلاوێژ ببوو، شتێکی نادیار ئەو ...ووەی بەرەو یەکتر دەکێشا، دڵی زامداری گەلاوێژ بێ ئەوەی بۆ خۆی ...یەوێ لە مەرهەمێک دەگەڕا و ئاوات لە باوەشی گەرمی دایک. جارجار ...ەهات دادەنیشت، بێدەنگ، دەیڕوانیە گەلاوێژ و پاشان سەری لە باوەشی ...ادەنا. یەک دووساڵ لە تریفە گەورەتر بوو. گەلاوێژ قژە شانە ...کراوەکانی بۆ شانە کرد و جووتێک پێڵاوی لە دووکانەکەی ئاوەدانی بۆ ...ڕی. دەستی دەگرت و لای ئێوارێ کە منداڵ لە ناو دێ نەدەما لەگەڵ ...وات کایە بکەن دەیبردە دەرەوەی ماڵان و دەگەڕان. جارجار گەلاوێژ

یارمەتی دادەخاوەری دەدا و جارجاریش خۆی بە ڕەسم کێشانەوە دەخلافاند. ئاوات دەهات دادەنیشت بێدەنگ چاوی لە دەستی دەکرد.

– دەتەوێ ڕەسمت بۆ بکێشم؟

ئاوات سەری داتەکاند و شەوقێک کەوتە چاوەکانی. گەلاوێژ دوو تەپکە و خانوویەکی بۆ کێشا.

– ئەمەش دەرکەی خانووەکە، ئەمەش تاو لەسەر کێوەکەوە هاتۆتە دەرێ.

– ئەی دایکم کوانێ؟

– ئەو لە ناو خانوەکەدایە دیار نیە. ئەی بۆ لە بابت ناپرسی؟

– ئەمن لە زگی دایکم دا بووم ئەگەر بابم شەهید بووە.

گەلاوێژ کشایەوە و مات بوو، وێنەیەکی ناتەواوی شەماڵی بە دە ستە وە بوو خۆی پێوە خافلاند.

لوقمان پاش یەک دووڕۆژ گەیشتبووە جێگای دیاری کراو. لە پێگەی سەر ڕێگاماتڵیان نەکردبوو جاشێک ناسیبوویەوە وکوتبووی «ئەوە لوقمانە برسیە لە پارووێک نان دەگەڕێ».

شەماڵ کادری ناوەند بوو وجێگای مەئمووریەتی لە بەردەڕەش بوو. شەو کە دادەهات و مەترسی هێرشی فڕۆکە نەدەما ئاگرێکیان لە بنە بەردێک دەکردەوە و شەماڵ بە ساز و دەنگە خۆشەکەی شەوگاری لێ کورت دەکردنەوە.

– کێی کوڕە

– ئاشنا



پێشمەرگە لە دەور ئاگرەکە بڵاوەیان کرد، دوو کەس بەرەو ئاگرەکە دەهاتنە پێش، پێشمەرگەی نگابان و کاوەیسە،کۆبوونەوە و نگابانەکە گەڕایەوە.

– ها کاوەیسە، دەنگ و باسی تازە چیە؟

– لوقمانە شێت لەو دیوڕا هاتووە، ئەوەشی پێ بوو.

شەماڵ نووسراوەکەی وەرگرت و چاوی لە خەتی سەر نووسراوەکە کرد «ئەمە خۆ خەتی گەلاوێژە» بەدەم خوێندنەوەوە دانیشت، پاشان هێندێک مات بوو بە ئاگرەکەدا، دەستی دایە سازەکەی، ئەمجارە سازەکە سۆزێکی تازەی تێدابوو وبە دەنگێکی دیکە دەینالاند.

خەیاڵێکی تازە لە مێشکی گەلاوێژ دا سەری هەڵدابوو، دەیزانی شەماڵ زۆری خۆش دەوێ بەڵام تریفەشی زۆر خۆش دەویست، پێش ئەوەی بڕوا هەر باسی ئاگاداری کردنی تریفەی دەکرد.وەک ئەمانەتێک بسپێرێتە دەستی.

– کە ڕۆیشتم بی هێنە دەرێ، مەهێڵە تریفەم خەمبار بێ.

– ئەگەر هێندە دڵەودوای بۆدەڕۆی؟

– ڕۆیشتن بە خۆم نیە، ئەم ئەرکە دەبێ بگاتە جێ، ئەوڕۆ نۆبەی ئێمەیە سبەی نۆبەی یەکێکی دیکە. ئاخری ڕۆژێک هەر دەگا.

«تۆ بڵێی شەماڵ بە نەبوونی تریفەش هەر خۆشی بوێم، تۆ بڵێی ڕوم تێ بکاتەوە، تۆ بڵێی نەیکاتە خەتای من؟ تۆ بڵێی نەیبیستبێ بۆیە نایەت.» لە گەڵ ئاوات دەڕۆیشت بەڵام مێشکی پڕ ببوو لەم پرسیارانە،

چاوی پڕدەبوو لە ئاو و لە بەر خۆیەوە دەیکوت «چۆنت پێ بڵێم شەماڵ
- بڵێم تریفەم چ لێکرد» زۆری هەوڵدەدا ئاواتی خۆش بوێ بەڵام هەموو جارێک هەڵاتن و کایەکردنی ئاواتی لێ دەبوو بە تریفە، دڵی بۆ ئاوات دەسووتا «ڕۆڵە تۆ بۆ دەبێ ئەوەندە بێ بەش بی.» دادەخاوەر نانەکەی لە سەر ساجەکەداناو کوتی:

- نازانم ئەوەندەی من دیتوومە ژن بە منداڵەوە خۆشەویستە، زۆرکەسم دیوە لە سەر منداڵ تەڵاق دراوە، بەڵام ئەتۆ جەوانی دەتوانی هەمیسان منداڵت بێ. خەم مەخۆ ڕۆڵە.گەلاوێژ چاوی بڕیبوە ئاوری تەنوورەکە، ئەگەر دادەخاوەر وریای نەکردباوە نانەکە دەسووتا.

- تەنیا کوڕێکم هەبوو بردیانە سەربازی ئیتر نەم دیتەوە. پاش ئەوە مێردەکەم زەوی وزەرای بە جێ هێشت کەوتە قاچاخ کردن. جارێک لە پێنگەوە تەقەیان لی کردبوو. پاش سێ ڕۆژ تەرمەکەیان هێناوە.

- بۆ ئاوات ناکەی بە منداڵی خۆت.

- ئەمن چوار ڕۆژی دیکە دەمرم هەمیسان دەربەدەر دەبێ. لە گەڵ ئەوەش وەقرە ناگرێ. دایم داوای دایکی دەکا. زۆر گرۆی تۆ بووە، تا ئێستا لە گەڵ کەس قسەی نەدەکرد لوقمان نەبێ جارجار گاڵتەی پێدەکا...ئەو نانانە بە جوێ دانێ ڕۆڵە هی ماڵی کوێخایە.

- لە کوێ بووی ئاوات.

- لە لوقمان دەگەڕام، چووە بە دووی دایکمدا، نەهاتۆتەوە.

گڕمەی فڕۆکەیەک ئاواتی هەڵبەزاندەوە، هەڵات بۆ لای منداڵان کە چاویان لە ئاسمان کردبوو لە فڕۆکە دەگەڕان، بە گڕمەی دوەم دیتیانەوە و



کردیان بە هەرا.

* * *

ئەگەر خەمێکی زۆر دایگرتووی، ئەگەر برینێکی کاریت لە دڵدایە، ئەگەر دەردێکی بێ دەرمان سەری لێ شێواندووی خەو هەراسێکە. ئەودەم کە ماندوویی خەوی هێنا خەون دێتن دەست پێدەکا و زامت لێ دەکولێنێتەوە. تریفە لە خەونی گەلاوێژ داسەد جار بەردەبوەوە هەزار جار بۆ ئاخر جار چاوی هەڵدێناو جەرگی دایکی دەسووتاند، تەقەی تۆپ و تفەنگ لە دوورەوە لەگەڵ ئەو دیمەنانە تێکەڵ دەبوو و نزیک دەبووە و ئەوەندە نزیک دەبوەوە کە گەلاوێژی پێ ڕادەچڵەکا، سەرسام گرتوو هەڵدەستایە سەر جێگاکەی، کوا هەتا جارێکی دیکە خەوی لێ بکەوێتەوە. ئەمجار کە ڕاچڵەکی هاواری کرد. دادەخاوەر و ئاوات بە هاوارەکەیەوە بەخەبەرهاتن، بەڵام تەقەی تۆپ هەر دەهات، تا تەنیا لە خەونی گەلاوێژ دانە بوو. تەقەی ڕاستی بوو، دادەخاوەر هەستاگوڵی چرا لامپەکەی هەڵکێشا. دەنگی تەقە بەردەوام بوو. ئاوات لە سوچێک کزکزۆلەی کرد. تەقە دوورونزیک دەبوو.

- هیچ نیە کچم، شەڕ لەو بەندەنەیە. ئەمن دەرۆم بزانم چ باسە.نەکا هێرشیان بۆ ئەم لا هێنا بێ.

گەلاوێژ خۆی کۆ کردەوە، خاوەر وە دەر کەوت. بروسکەی تەقینەوە تاریکایی شەوی نێو دێی خەوشاند. خەڵکی دێ هەموو بەخەبەر هاتبوون.

هێندێک لە بەر دەرکە و هێندێک لەسەربانان و چەند کەسیش گەیشتبوونە بەر دەرکی مزگەوت، یەک لەیەکتریان دەپرسی و کەسیش نەیدەزانی چ باسە. لە بەر دەرکی ماڵی کوێخا سێ چوار کەس تفەنگیان پێ بوو و دەوری کوێخایان گرتبوو. کوێخا ڕووی لە غەریب کردو کوتی:

– غەریب تۆ ڕاوەستێ لە گەڵ حەمە هێندێک نان بێنن، ئێمە بەرەو سووردا سەردەکەوین.

غەریب بەلایێکدا و کوێخا و ئەوانی دیکە بەلایێکی دیکە دا لە تاریکی شەو دا ون بوون.

ئاوات خۆی دابووە پاڵی گەلاوێژ و سەری بە سینگێوە لکاندبوو، وەک بیرەوەرییەکی ناخۆشی بە بیر دا بێتەوە، دەترسا و جارجار موچرکی پێدادەهات. گەلاوێژ بۆ شکاندنی سامی خۆی و ئاوات چیرۆکی سێ پەریەکەی بۆ دەگێڕاوە کە ببوون بە کۆتر و خێر و شەڕی خەڵکیان باس دەکرد. شەو درێژبوو و بە چیرۆکێک تەواو نەدەبوو، تەقەش نەیدەهێشت ئاوات خەوی لێ بکەوێ، دوەمین چیرۆک تەواو نەببوو کە دەنگی دادەخاوەریان لە دەرەوە بیست.

– کەرەم کەن،دەی برام دەی.

جەمیلە و سێ پێشمەرگە هاتنە ژووری، گەلاوێژ هەستا وەک پەیکی ڕزگاری بۆ هاتبێ باوەشی بە جەمیلە داکرد، دەست لە شانی یەکتر و فرمێسک لە چاو دانیشتن. جەمیلە چاوی لە نەخشی فەرشەکە بڕیبوو بە دڵپڕیەوە کوتی:



– نازانم چ بڵێم، نازانم ئەمن بام چم دەکرد، ئەوەندە دەزانم ئێمە زیانمان زۆر لێ کەوتو، ئەمن هێشتا لە تاساوی کوژرانی حەمە نەهاتوومەتە دەرێ، ئەوە چیروکی مێژوی ئێمەیە، نە یەکەم جارە و نە ئاخر جار.

دادەخاوەر نان و پەنیرێکی لە نێو سفرە داناو شەمچەی لە سەماوەرە نەفتیەکەی دا، شەریفی پێشمەرگە بۆ ئەوە قسەکەی گۆڕابێ کوتی:

– پێم وانیە بە چای ڕابگەین دادە. بەپەلەین. پێش ئەوەی هەوا ڕوون بێتەوە دەبێ دەرباز بووبین.

– هەر ئێستا پێدەگا کوڕم، شەکەتن ئاخر.

جەمیلە دەستی بە گۆنای گەلاوێژدا هێنا و زۆر دڵسۆزانە کوتی:

– دەبێ بڕۆی گەلاوێژ. ڕەنگە سبەینێ یا خۆ سبەی شەو بگەنە نێو ئەم دێیە. لێرە ناتوانی بمێنیەوە.

خاوەر بەدەم شۆردنی ئیسکانەکانەوە بۆڵەی دەهات:

– ئەوساڵ خراپیان دەست پێکردوە.

شەریف بە پێکەنینەوە وڵامی داوە.

– زستان هەمیسان دەکشێنەوە، لەم چیاوچۆڵە گیر نابن. هەموو ساڵێک هەروایە.

–خودا دەوامیان نەدا ئیشەڵڵا.

گەلاوێژ لە پێشدا تێنەگەیشتبوو جەمیلە چی کوت پاشان پرسی:

– ئەی شەماڵ، شەماڵی نەبینم.

– جارێ لە فکری خۆتدابە ئەو دوو هاوڕێیە لە گەڵت دێن هەتا

سنوور لەوێنەوە هاوڕێیانی دیکە بەڕێت دەکەن.

– بۆ کوێم بەڕێ دەکەن ئەمن دەمەوێ شەماڵ ببینم، دەمەوێ لێرە بم.

– ئێستا ئاوای لێ هاتووە. ئەو هێرشە زۆر شتی تێک داوە.

جەمیلە نەیویست زیاتر خۆی تووشی وتووێژ بکا هەستا، پێشمەرگەکانیش هەستان و یەکی پارویەک نانیان لە گیرفانیان پەستاوت.

– جانتاو شتی دیکە چت پێیە؟

– چم لێدەشاریەوە جەمیلە پێم بڵێ.

– ئەو بەستەزمانەش لوقمان پڕیشکەی قومپارەی وێ کەتووە.

– تۆ کوردستان پێم بڵێ جەمیلە.

– چت پێ بڵێم خوشکە جوانەکەم، دەڵێن شەماڵ بە برینداری گیراوە.

ئەژنۆی گەلاوێژ چەماوە، وەک توانای ئەو هەموو بارەی نەبێ، جەمیلە توانای دیتنی نەما، سەری گەلاوێژی ماچ کردو ڕۆیشت. شەریف لە دووی جەمیلە کەوت و کوتی:

– ئەمن دەڕۆم ولاخێک پەیدا دەکەم، هەتا دەگەڕێمەوە تەیاربن.

خاوەر سەر شانەکانی جەمیلەی گرت و بە دڵپڕیەوە، زۆر دایکانە کوتی:

– هەستە کچم هەستە، خودا ڕەحیمە. ڕەنگە وا نەبێ.

گەلاوێژ هەڵچەرخا و باوەشی بە دادەخاوەردا کرد، خاوەر خۆی پێڕانەگیرا و لە پرمەی گریانی دا، ئاوات پەریشان لە پاڵ تەونەکەدا ڕاوەستابوو. شەریف هاتەوە لە نێو دەرکە راوەستا. گەلاوێژ بەنسکەی



گریانەوە کوتی:

– گەردنم ئازا کە دادە، بە دۆعا.

پاشان ڕووی لە ئاوات کرد:

– ئاوات گیان.

ئاوات باوەشی بە لاقی گەلاوێژدا کرد. گەلاوێژ دانیشت هەتا ئاوات ماچ کا. ئاوات وەک مامزۆکێکی سەر لێ شێواو کوتی:

– منیش دێم.

گەلاوێژ بیری ئەمەی نەکردبۆوە. هیچ کات بە مێشکی دا نەهاتبوو. چاوێکی لە دادە خاوەر کرد. دادە خاوەر بە ڕەزامەندی سەری دادەکاند. چاوی لە شەریف کرد، شەریف دەستی لێک بڵاو کردەوە یانی بۆ من تەوفیر ناکا. گەلاوێژ جانتاکەی کردەوە و پاڵتەیەکی تریفەی دەر هێنا لە بەری ئاواتی کرد.

دادەخاوەر نەی پەرژاشتێک بدا بە ئاوات، ماچی کرد.

– ئەگەر گەورە بووی بیری ئەم دایە پیرەت بکەوە، وەرە سەر قەبرەکەم ئاوات گیان.

ئایەتەالکورسی یێکی لە ژێر لێوان خوێند و فووی بە ئاوات و گەلاوێژ دا کرد.

هەتا پێشمەرگەکان و گەلاوێژ و ئاوات لە تاریکی دا ون بوون، دادەخاوەر لە نێو دەرکەکە راوەستابوو و جامێکی ئاوی بە دوویاندا ڕشت. پاشان چراکەی کوژاندەوە و لە نێو دەرکە دانیشت چاوی لە تاریکی شەو بڕی.

تاو خۆی گەیاندبووە لێوارەی شیناوەردی ئاسمان بەرەو خۆرئاوا دەخشا کە گەلاوێژ و ئاوات لە نزیک سنوور بوون، ماشێنێکی وانێت راوەستابوو نزیکەی بیست کەس دەبووا سواری ئەو ماشێنە بان کە بە ئاسایی جێگای شەش کەس بوو و لە سنوور تێپەڕیبان. گەلاوێژ گێژو وڕ خۆی دا بووەدەست قەزاوقەدەرەوە و ماندووتر لە وە بووکە بیر لە شتێک بکاتەوە. سوار بوو، سێ ڕیز خەڵک لە سەر کۆشی یەکتردانیشتن، لە ئاخریشەوە بە پاڵ پێوەنان دوو سێ کەس کە تازە گەیشتبوون سوار بوون و چادرەکەیان داخست. شۆفیرەکە لە پشتەوە گوریسی لە چادرەکە هاڵاندویە گاڵتە هاواری کرد:

– کەس دەنگی لێوە نەیە، ئێوە لە باتی بارە توتن لە سنوور دەپەڕنەوە.

دەنگ کە هیچ جێگای هەناسەدان نەبوو، ماشێن لە جادەی خۆڵێن و پڕ لە کەند دا وەڕێ کەوت. هێندە نەڕۆیشتبوون کە لاقیان تەزی و پاشان شان و ملیان کووڕ بوو، تاریکی و تۆز و بێ خەوی و دوازدە سەعات هەڵتەک هەڵتەک و ترس و گیان ئێشە. کە دابەزین هەموو وەکوو قەردە توتن گلۆڵە ببوون.

قاچاخچیەکان هەر کەسیان بە یەکێک ئەسپاردو گەلاوێژ و ئاواتیش بە پێی قەرار هەواڵێکی ڕێکخراو لە دوویان هاتبوو. پاش دوو ڕۆژ بە



پاسپۆرتی مزەوەرەوە لە فرۆکەدا بەرە و سوید دەچوون.

گەلاوێژ لەو کاتەوە کە چووبووە زیندان وپاشان هەڵاتبوو هەرکات پۆلیسی دەدیت بێ ئەوەی بیەوێ دەچڵەکایەوە. بۆیە لە فرۆکەخانە دەست و پێی خۆی ون کردبوو و لێی وەشک کەوتن و هەتا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن لە ژوورێکی تاکە کەسیان هاویشت بەڵام ئاواتیشی لەگەڵ بوو. دڵەخورپەی زیندانی ڕابردووی بۆ زیندوببوەوە. لە گەڵ ئاواتیش قسەی بۆ نەدەهات وای لێ هاتبوو ئەگەر ویستبای هەتا بیست بژمێرێ لە دە و دوازدە دا خەیاڵ دەیبردە جێگایێکی دیکە. نەی دەزانی چی بە سەر دێ. تەنیا دەیزانی لەو دنیا زەلامەدا بە خۆی و منداڵێکەوە سەرگەردان بووە. دەبووا قۆڵی لێ هەڵماڵێ «ئەگەر قەرارە بژیم دەبێ لە سەر پێ ڕاوەستم» زۆر بە کورتی و تێکەڵاوی بەسەرهاتەکەی بۆ پۆلیس گێڕایەوە، هەر چۆنێک بوو ئیزنیان دا بچێتە کەمپی کاتی. کاتێک لەوێ بەرپرسەکە پرسیاری کرد «نێوی کچەکەت چیە؟» گەلاوێژ بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ بەسەر زاری دا هات تریفە. وەرگێڕ تی نەگەیشت هەمیسان پرسیەوە:

- دەڵێی نێوی کچەکەت چیە؟

ئاوات چاوێکی لە گەلاوێژ کردولە باتی ئەو وڵامی داوە:

- ئاوات.

دەڵێن ئەگەر خەمت زۆرە بچۆ نێو قەبرستان دڵت ئەکرێتەوە. دیتنی هاودەم خەمی ئینسان سووک دەکا. کەمپی کاتی پڕبوو لە ئینسانی ڕەش

و زەرد و سپی، خەلکی دەیان ولاتی جۆراوجۆری تێدابوو، هەریەکەو بە زمانێک قسەیان دەکردو کاتێک لە ڕیزی نان خواردن ڕادەوەستان دیمەنێکی سەیری نێو نەتەوەیی هەبوو. پرسیارەکانی ئاوات تەواو نەدەبوو.قەت لە کورد بەولاتر نە کەسی دیبوو و نە زمانێکی دیکەی بیستبوو. گەلاوێژ زۆر لە نێو خەلکدا رانەدەوەستا. پێی خۆش نەبوو خۆی بداتە دەست ژیانی ئاسایی ڕۆژانەوە، خواردنەکەی خۆی و ئاواتی وەردەگرت و دەچووە ژێر دارەکانی نێو کەمپ. زۆر کەسی دیکەش ئەوکارەیان دەکرد. ڕەنگە هەر کەسەو بە هۆیێکی جیاواز.

-گەلێ ئەمانە هەموو لە شەڕ هەلاتوون؟

-نە کچێ هیندێکیان لە خۆشیان هەلاتوون.

بەکەم گاڵتەی گەلاوێژ بووپاش ئەو ماوەیە. بۆ خۆشی پێی سەیر بوو. هەردوکیان پێکەنین.

-پێت وایە دایکم لێرانە بێ.

-با گەورەبی جا بۆ خۆت لێی دەگەڕێی دەیبینیەوە.

چەند ڕۆژ دوایە گەلاوێژ و ئاواتیان بردە کەمپێکی دیکە. بەر پرسی کەمپ و وەرگێڕێک بردیانە خانوویێک کە دەبا لەوێ ژیابان هەتا خانوویان لە شارێک بۆ پەیدا دەبێ. لەو خانووەدا لەگەڵ ژنێک و دوو منداڵی دیکە هاو خانوو دەبوون. ژنەکە دەرکەی لێکردنەوە و بە کوردی کوتی:

- کەرەم بکەن، بە خێر بێن.



وەرگێڕەکە پێکتریانی ناساند، شەرمین چای بۆ تێکردن و بەرپرس چۆنیەتی پێکەوە ژیانی بۆ دەکوتن و وەرگێڕ بە کوردی دووپاتی دەکردەوە. شوان و هەڵمەت منداڵەکانی شەرمین ئاواتیان بردە ژوورەکەی خۆیان، ئاوات لەژیانیدا ئەو هەموو بووکە شووشە و ماشێن و فڕۆکە و خرت و پرتە باغەیەی بەخەونیش نەدیبو. نەی دەوێرا دەستی بۆ بەرێ. منداڵان زۆر زوو زمانی یەکتر دەبیننەوە. چەند دەقیقەی پێ نەچوو ئاوات بوو بە هاوکایەیان و هەڵبەزودابەزی دەکرد. شەرمین دەنگی دانێ و داوای لێکردن بچندەرێ کایە بکەن. شوان و هەڵمەت ئاواتیان سوار جۆلانە کردبوو بە نۆبە پاڵیان پێوە دەنا. گەلاوێژ لە پەنجەرەکەوە چاوی لێ بریبوو و خەیاڵ بە سەر دەشت و کێوەکانی کوردستانی دا دەگێڕا. ئەو قولینچکەی نێو ماڵەکە لە پشت ئەو پەنجەرەی ڕوو بە ڕۆژئاوا بوو بە جێگای گەلاوێژ. هەموو ڕۆژێک ماوەیێکی زۆر لە وێ دادەنیشت و چاوی دەبریە ڕاهاتن و گەورەبوونی ئاوات. جێ گۆڕانی هاوین لە گەڵ پاییز و پاییز لە گەڵ زستان، سپی بوونەوەی زەوی لە بەفر ڕاست ئەو کاتەی کە کێوەکانی کوردستان سەرکلاوەی سپیان لە سەر دەنا. گەلاوێژ لەوێ بوو، پای لە زەوی ولاتی غەریب گیر نەبوو هەستی پێ نەدەکرد.

-کچێ بۆ وا لە خۆت دەکەی، هەر ئەتۆ نیت بەلات بەسەر هاتوە، هەر ئەتۆ نیت لە مێردەکەت دوور کەوتوویتەوە.

شەرمین بوو جارجار تەشەری پێدادەدا و ئەویش پێی خۆش نەبوو سفرەی دلی لە لای بکاتەوە.

-دەزانم هەر ئەمن نیم، بەلام ئەمن نازانم لە بیر خۆمی ببەمەوە.

- برو هیندێک پیاسە بکە، ئەو هەموو لاوە لێرەن. شەوان دادەنیشین هەزار گاڵتەوگەپی خۆش دەکەین. نابێ ئینسان خۆی بە خەمەوە بپەستێتەوە.

گەلاوێژ ویستی قسەکە بگۆڕێ.

- ئەرێ هیچ خەبەری مێردەکەت نەبوو.

- ئەو دەڵێ ئەتۆ وەرە ئاڵمان، ئەمن لێرە کارم هەیە. ئاخر سێ ساڵە لەوێیە. ئەمنیش دەڵێم ئێرە باشە تۆ وەرە ئێرە. بە ئاسیستانەکەشم کوتووە، بەڵام نازانم چی لێدێتەوە.

شەوگارە درێژەکانی زستان ئەدەکرا بەم قسانە پڕکەیەوە، گەلاوێژ هیندێک قەڵەم و ڕەنگی کڕیبوو و ڕەسمی دەکێشاو جار جاریش وشەی سوێدی لەبەر دەکرد. لە کاتێکەوە هاتبووە ئێرە نە کەس لێی پرسیبوو نە هەواڵێکی تایبەتی لە وڵاتەوە پێ گەیشتبوو، تێکەڵی هات و چۆ و میوانیدان و هەڵا و بەزمی دانیشتوانی کەمپ نەدەبوو. زامی سارێژ نەدەبوو ئەشی دەویست پێی کولێنێتەوە. نەورۆز نزیک دەبووەو چەند کوڕ و کچی دانیشتوی کەمپ هاتبوونەلای شەرمین و باسی جێژنی نەورۆز گرتنیان دەکرد.

گەلاوێژ لە جێگای گۆڕین ڕاوەستابوو چاوی لە دەنکە بەفرەکان بڕیبوو کە بە دەم باوە تێک دەهاڵان. هەلاڵە و کەریم و مەجی و کاوە لە دەور مێزەکە دانیشتبوون ئابجۆیان دەخواردەوە. شەرمین بە دەم هاتووچووەوە کوتی:



- وەڵڵا دەبێ نەورۆزێکی خۆش بگرین. دەیانەویست بەرپێم کەن بۆ کۆمۆن کوتم دوای نەورۆز دەچم.

کاوە وتی

- باشە دەبێ داینێین هەرکەس چ بکا. بێ بەرنامە نابێ.

کەریم چاوێکی لە وانی دیکە داگرت و کوتی:

- باشە دادە گەلاوێژ چ بە ئەستۆ دەگرێ.

- ئەمن بەشدار نابم.

شەرمین وتی - ڕەنگە شایی کردنت پێ حەرام بێ.

- ئەمن شتی وام نەکوتووە، ئێوەش کەیفی خۆتانە چۆتی لێک دەدەنەوە.

کاوە: ئێمە لە شاخیش هەر نەورۆزمان گرتووە. شەهیدیشمان هەبووە.

گەلاوێژ: شاخ وڵاتی خۆتە، خەم و شاییەکەشی هی خۆتە.

هەلاڵە: ئێمە ئەهاتوینەتە دەرێ ئەژنۆ لە باوەش بگرین و پرسەداری بکەین.

مەجی: ئەمەش بۆ خۆی خەباتە، هاوەدەنگی لەگەڵ وڵاتە.

گەلاوێژ چوو چای بۆ خۆی تێکرد و بەتەشەرەوە کوتی:

- خەبات لێرە هەر هەڵپەرکێکەی ماوەتەوە.

کەریم: ڕاوەستە، ڕاوەستە ئەم شۆعارانەمان زۆر بیستووە.

گەلاوێژ: جارێکی دیکەشی ببیسە، ئەمانە کۆنی شوعارە.

کاوە :ئەگەر ڕێبەرەکان لێمان گەڕابان ئێستا ئێمەش لەوێ بوین،

ئەتۆش لاتاوت پێدا نەدەداین، چاکە بۆ خۆشت لێرەی.

گەلاوێژ: ڕێبەرەکان وەدەریان ناوی یان دوژمن؟ من پشتگیری کەس ناکەم بەلام ئەمن دڵم بە ئەوێ خۆشە و ئێوە بە ئێرە.

مەجی: کێ دڵی بە ئێرە خۆشە؟ بەلاْم ئەگەر چارە نەبوو چ دەکەی؟

گەلاوێژ: چارە دەبینیەوە ئەگەر ڕێبەرەکانت پێ باش نیە هەوڵ بدە وە پێش بکەوی.

کەریم: زۆر کەس هەولْیان دا بەلاْم هەر مل شکانیان بۆ ماوە.

مەجی: لە دەست ئەوانیشدا نیە. قوماری گەورەتر لە ئەوانە. هەر خەلْکە دەڤەوتێ (لاتی هەلْێنا) ئەمن لاتێکم چوو بەسمە. بە قوربانی مارگرێتی خۆم دەبم.

گەلاوێژ: دیارە باوەشی ئەمانە ناوالْەیە. هەرچی ئینسانی لێهاتووی شۆڕشەکانە دێنن دەیانکەن بە گسک دەر و فەرڕاشی خۆیان. ناوەها شۆڕشەکان لێک بلاْودەکەنەوە.

هەلاْلە: لە خۆمانەوە دەست پێدەکا. خەتای خۆمانە.

گەلاوێژ: خەتاکە ئەوەیە کە دەشزانین و خۆشمانیان بۆ بادەدەین و سوپاسیشیان دەکەین.

شەرمین: ئەرێ بۆ ئەو قسانە نانووسیەوە لە نەورۆزەکەدا بیلْێی.

هەموو پێکەنین بێجگە لە گەلاوێژ، مندالاْن بە پێلاْوی قوڕناویەوە هاتنە ژووری. شەرمین بە سەر ڕانی خۆی دادا

- هاوارێکم، کەوشەکانتان دەرێنن.

* * *



لە لاپاڵی شاخێکدا لەو جێگایەی بەهاران پڕدەبێ لە کارگ و کوڕادە، لە نزیک کانییەک کە جۆگەکەی کوزەڵەو و پنگ دای دەپۆشی، خانوە تەپیلکەیێک درێژاو درێژ ساز کرابوو و لە نێو بەفر دا ڕەشی دەکردەوە. پێیان دەکوت نەخۆشخانەی شۆڕش. دوو ڕێز کەتیان لێ دانابوو و سێ چوار کۆڵەکە نێو ڕێگای نێوان کەتەکانی دەکرد بە دوو لەتەوە. شەماڵ بە یارمەتی دوو چێوشەقە بە پێش خانوەکەدا دەهات و دەچوو. جەمیلە کە ئێستا بیمارستانی شاری بە جێ هێشتبوو و هاتبوە دەرێ لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەرێ کە بچێ سەر لە نەخۆشەکان بدا. شەماڵ و یاریدەدەرەکەی بە دوویدا چونە ژووری. یەکەم کەتی شانی دەرکەکە برایمی لە سەر نووستبوو کە لاقێکیان لە میچەکەوە هەلاْوەسی بوو. لوقمان لە بەرامبەریەوە دەستێکی لەملیدا بوو لە سەر کەتەکەی دانیشتبوو.

- دادە پەلی کەی نانمان بۆ دێنی؟

- تۆ ئێستا نانت خوارد.

لوقمان وەبیری هاتەوە دەستی بە گیرفانی پالْتەوەکەیدا کردو پاروونێک نانی دەرێنا و دەستی کرد بە خواردن. برایم وەک هەموو جارێک دەستی کرد بە گالْتە کردن.

- دوکتور ئەتۆ کوتت مانگێک پێش نەورۆز ئەم بەردە لە لاقم هەلْدەگری. ئەوەتا نەورۆز هاتوو من هێشتا لە هەلْپەرکێ بێبەشم.

ئەمن کوتم نەورۆز ئەم کوت کام نەورۆز.

شەماڵ ڕاوەستابوو تەماشایانی دەکرد، ڕووی لە برایم کرد.

- دەبێ، دەبێ شۆڕش بە پەلە نابێ.

هەموو پێکەنین. برایم وەک بیەوێ بەرپەرچی قسەی شەماڵ بداتەوە گوتی:

- هۆ،هۆ، کوڕە ئەمن بە جەحەنەم، ئەو کاک شەماڵەی چاک کەوە با دوو گۆرانیمان بۆ بڵێ.

- کاک شەماڵ چاک بوەتەوە ئەوە نیە بە پێی خۆی دەڕوا.

- ئەرێ بە چوار پەلان دەڕۆم. تا باشە ئێستا لاقم ئەختێک زەوی دەگرێ بەلاّم سینگم هەر خڕەی دێ.

-ئەمن بەڵێنی دەدەم لاقت تا مانگێکی دیکە بەتەواوی چاببێتەوە، بەلاّم بۆ سینگت دەبێ بیرێکی دیکە بکەینەوە، پێم وایە بەرێت دەکەن.

- خۆش خەبەر بی. ئەی کارەکانم کێ بیکا.

- ئەوە ئیتر خۆتان دەزانن لە سنووری من دا نیە.

جەمیلە ڕووی کردە ئەخۆشەکانی دیکە. شەماڵ چۆوە سەر جێگاکەی وخەریک نووسین بوو.

* * *

شایی و خەم، گریان و پێکەنین پێکەوە لە دەروونی ئینساندان بۆیە ژیان لە بن نایێ و بێ ئەوەی ئاگات لێ بێ و بڕیاری لەسەر بدەی درێژەی دەدەی و خۆی بۆ ماندوو دەکەی. گەلاوێژ لە نێو ئەو خەڵکەدا کە بۆ



شایی و ڕابواردن بە بیانووی نەورۆز لە ژووری کۆ بوونەوەی کەمپ کۆببوونەوە دانیشتبوو چاوی لە هەڵاتن و زەوق کردنی ئاوات دەکرد کە لەگەڵ منداڵان بە نێو کورسیەکاندا بازیان دەدا و هەرایان دەکرد و هەدادانیان نەبوو. خەڵکی کەمپەکە و بەرپرس و یاریدەرەکان و... هەموو دانیشتبوون و چاوەڕوانی بەرنامەیەک بوون کە دەبوا کوردەکان بەڕێوەی بەرن.

کەریم هاتە سەر شانۆ، جلێکی کوردی بە قەوارەی لە بەردا بوو. دەنگی دەلەرزی دیار بوو یەکەم جارە لە پێش خەڵک قسە دەکا و زۆر بڕوای بە خۆی نیە.

- جارێکی دیکەش پیرۆزباییتان لێ دەکەین. لەم بەشەدا کاک کاوە چەند گۆرانیتان پێشکێش دەکا.

دەستەی مووزیک هاتنە ژووری. دایکەکان هەر چۆنێک بوو بۆ تاوێکیش بووە منداڵەکانیان بێدەنگ کرد. گۆرانیەکە یەک لە گۆرانیەکانی شەماڵ بوو کە کاتی خۆی زۆری دەنگ دابوەوە.

شەماڵ بوو دەیگوت، شەماڵ بوو چاوەکانی قوچاندبوو هاواری دەکرد، شەماڵ بوو بەسەر چیاکانی کوردستاندا دەی چریکاند. چاوەکانی گەلاوێژ گلان. بەلاّم ئەی هێشت کەس فرمێسکەکانی ببینێ، هێواش هەستا چووە دەرێ. کزە با و خرمە خرمی بەفری ژێر پێی هێندێکی ئەحوەن کردەوە. دەنگی گۆرانی بەردەوام بوو بەلاّم هەوایەکی دیکە بوو. شەماڵ نەبوو. گەلاوێژ پاڵی بە دیوارەکەوە دا و چاوی لە تاریکی بڕی. ئەی زانی کەی دارا هات لە شاندەستی ڕاوەستا، کاتێک بێدەنگیەکەی لێ شکاند ئاوڕی

داوە.

- شەونکی خراپ نیە..لێمان ناپرسی گەلاوێژ خان. بەڵام من زۆر لە فکری تۆ دام.

دوو سیگاری دەرێنا یەکی دا بە گەلاوێژ. گەلاوێژ لێی وەرگرت، شۆقی شەمچەکە ئەوەندە نەبوو تاریکیەکەی نێوانیان بسڕێتەوە بەڵام سەر و چاوی دارای ڕوون کردەوە. کاتێک کە دەیەویست سیگارەکەی هەڵکا بەئەستەم دەستی گەلاوێژی گوشی. گەلاوێژ چاوی هەڵێنا. بەرپرسێکی ئەمنی هاتەوە بیر، بێزار و تووڕە دەستی داتەکاند و سیگارەکەی فڕێدا. بێ ئەوەی هیچ بڵێ ڕووی لە ژوورەکەی خۆی کرد. نەیزانی هەڵات یا باڵی گرتەوە، ئەوەندەی زانی خۆی لە ژووری حەمامەکە هاویشت. بۆ ئەوەی هێڵنج نەدا مشتێکی ئاوی بەدەم و چاویدا کرد. سەری دەسووڕا. ژن بوون بە هەموو هەستەکانیەوە هرووژمی بۆ هێنابوو. بێزار بوون لە لایێک، بێزار لەوە کەژنە و بە چاوی ژن، بە چاوی کەڵک لێ وەرگرتن چاوی لێ دەکەن. هەستی ژنانە، هەستی وسیتنی پیاو، لە لایێکی دیکە شەرێکی بێ ئەنجامیان لە دەروێیدا پێک هێنا بوو. «مەگەر ناڵێن ئەگەر کەسێک مرد هەستی دوور دەبێتەوە و دەبێتە بیرەوەرێکی دوور». هەستی گەرەک بوونی شەماڵ هەر مابوو، هەناسەی شەماڵی لە پشت ملی خۆی هەست پێدەکرد. «شەو چاو لە ئاوێنە مەکە خراپە» دەستێکی تەڕی بە ئاوێنەدا هێنا، دەستی خستە نێو قژەکانی. زۆر لە مێژ بوو ژنانە چاوی لە خۆی نەکردبوو. زۆر بێگانە هاتە پێش چاوی خۆی. مشتێکی دیکە ئاوی بە دم و چاویدا داو چراکەی کوژاندەوە.



دەستەی موزیک ماتڵی قسە کردنی کەریم بوو. کەریم بە پێکەنینەوە هاتە سەر شانۆ و ڕایگەیاند:

- ئێستا بەرنامەیێکی تایبەتیتان پێشکێش دەکەین.

گەلاوێژ هاتە سەر شانۆ. چەند کەسێک چەپڵەیان بۆ لێدا. ئەوانی دیکە نەیاندەناسی. ئاوات لە خۆشیان دەیزریکاند. دارا پچەییکی بە گوی لایدەستەکەیدا کرد. گەلاوێژ شتێکی بە کەمان ژەنەکە کوت. دەنگی گەرمی گەلاوێژ بە شێعری بەهارانی کوردستانەوە ئاگرێکی وای لە دڵی کوردەکاندا کردەوە کە هەتا نیوە شەو ئارەقیان دەخوارد و گۆرانیان دەکوت و هاواریان دەکرد.

* * *

لە شارێکی نزیک ستۆکهۆڵم، لە خانوە ژێکەڵەیێکدا گەلاوێژ وشەی سوێدی دەنووسیەوە و ئاوات تەماشای تلویزیۆنی دەکرد. ماوەیێک بوو گۆزیستبویانەوە ئەو خانووە. ئاوات دەچووە مەدرەسە و گەلاوێژ بە زمانی بێگانەوە خۆی دەخافڵاند. ژیان ئاهەنگی ئاسایی خۆی دەگێڕا.

- ئاوات گەڕانەوە بە سوێدی دەبێتە چی؟

ئاوات هەموو کاتێک دەگەشایەوە ئەگەر گەلاوێژ بەو پرسیارانە دانی بەوە دادەهێنا کە ئاوات سوێدی زیاتر دەزانێ.

- دەبێتە Komma til backa ئەوە سێ مانگە دەخوێنی هێشتا نازانی؟

هەستا هاتە شاندەستی گەلاوێژ دانیشت.

- ئیتر چی بپرسە گەلێ!

-ئیتر هیچ، ئەتۆ دەرست نیە؟

- ئێمە...؟ ئێمە دوو ڕۆژی دیکە کلاسمان تەواو دەبێ.

ئاوات چوو کتێبەکەی خۆی هێنا، پێی خۆش بوو گەلاوێژ بزانێ ئەو کتێبێکی تەواو کردووە. لە نێوان کتێبەکەدا ئافیشی شەوێکی کوردی هەبوو، گەلاوێژ هەڵیگرت و تەواشای کرد.

-ئەمەت لە کوێ بوو ئاوات؟

-ئەوڕۆ کچی کاک ڕێبوارهێنا بووی، زۆری هەبوو. هی جێژنی کوردیە، ئێمەش دەڕۆین گەلێ؟

گەلاوێژ هەروا کە چاوی بەسەر ئاوەکاندا دەخشاند چاوی بە ناوی«شەماڵ» کەوت. «ئەمە کێیە ناوی خۆی ناوە شەماڵ؟»- «ڕاستی بۆ ڕێکخراو و هیچ هەواڵێکی لێی نەپرسی، هەر چۆنێک بێ ئەو بنەماڵەی شەهیدە، ڕاستەکاریان زۆرە بەڵام ئاواش نە.»

هەستا بە نێو ماڵەکە دا دەسووڕایەوە، لە شتێک دەگەڕا بەڵام هیچی نەدەویست. شەماڵ بە تەواو هەستیەوە لێی زیندوو ببوەوە، لە نێو ماڵەکە دا بوو، بە دیوەکاندا دەگەڕا.شەماڵ بوو لە تریفە دەگەڕا. «گەلێ پێم ناڵێی لە کوێیە». ئاخری دەستی برد تلەفوونەکەی هەڵگرت.

-ئەلۆ... ماڵی کاک ڕێبوار...شەوباش... دەمەویست بزانم ئەو شەوە کوردیە کەیە؟ ...ئەو شەماڵە ناوی نووسراوە کێیە؟...ئاها هێشتا نەگەیشتووە، نازانن کەی دەگا؟... لە ئاڵمانەوە دێ؟...زۆر باشە سپاس.



تەلەفوونەکەی داناوەو هەر لەوێ دانیشت، هەستێکی باوەڕ پێنەکراو، هەستێکی ناڕوون لە دڵیدا دەگەڕا، تووڕەیی و ترس‌ودڵەڕاوکێ. «بۆ خەبەرێکت نەدا، بەڕاست ئەتۆی شەماڵ!» چۆن لە زیندان ڕزگارت بوو؟ پێیان کوتوی...؟ ناتەوێ بمدوێنی؟ بەڵام ئاخر... ئەی خۆشەویستی، چۆنت پێ بڵێم شەماڵ؟ بڵێم چم لێکرد شەماڵ. ئاوات پێی سەیر بوو، ماوەیێک بوو گەلاوێژی ئاوا نەدیتبوو، هات لە پێشی دانیشت و بە پرسەوە چاوی بڕیە نێو چاوانی.

وڵامی پرسیارەکانی گەلاوێژ کاتێک درایەوە کە ئافیشی دووەم دەرچوو و دیمەنی شەماڵی تێدا بوو شکی بۆ نەما کە شەماڵ نەی ویستووە جارێکی دیکە لێی بپرسێ و پەیوەندی لە گەڵ هەبێ. «ئەی بۆ کوتیان کوژراوە.» «کێ تاوانی ئەو هەموو خەفەت و ڕەنگزەردیەی من دەداتەوە؟» تووڕەیی و دوو دڵی لە دەروونی دا پەنگاوی کردبوو «بڕۆم؟ نەڕۆم؟ بی بینم؟ نەی بینم؟ چ بکەم؟ چ نەکەم؟ بۆ وای لێهات؟ بڕۆم باوەشی پێدا بکەم هەموو شتی بۆ بگێڕمەوە، نە، نابێ.» ئاخری بڕیاری دا ئاوات بنێرێ بەڵام بۆ خۆی نەڕوا.

- دەی بڕۆ کچم، ئەوە ماڵی کاک ڕێبوار لە سەرت ڕاوەستاون.

- ئەتۆش وەرە. شەوی کوردی زۆر خۆشە گەلێ.

- من ناتوانم، دوایە پێت دەڵێم بۆ. بڕو دەی.

ڕێگای هەر ڕۆژەی گرتەبەر بە نێو دارەکانی پشت ماڵان دا چوە سەر گۆمەکە، ئەو جێگایەی کە ماسیگرە پیرەکان هەموو ڕۆژێک خۆیان لەوێ دەخلافاند. شەپۆلی ئاوەکە دیمەنی ئەو چەند ساڵەی ژیانی دەهێنایە

بەرپێی، یەک بە یەک دایدەنا و لە کشانەوەدا دەیبردەوە و یەکێکی دیکەی دەهێنا. موچڕکێک دایگرت لەترسی ئەوە خۆی لە ئاوەکە ئەخا هەستا، ئەختێک بە پەلە چووە ماڵێ. ئەی دەزانی بۆ، بەڵام دەیەویست بە تەنێ بێ تەنانەت دەنگی چۆلەکەکانیش ئازاریان دەدا.

دەرکەی پێوەدا و کەوشەکانی دەرێنا. هێشتا نەگەیشتبوە دیوەکەی خۆی، لە دەرکەیان دا. بێ ئەوەی بیر لە شتێکی تایبەتی بکاتەوە، دەرکەکەی کردەوە. شەماڵ و جەمیلە لە پشت دەرکەکە راوەستابوون. شەماڵ چەپکە گوڵێکی بەدەستەوە بوو و پێکەنینەکەی دایمی لە سەر لێوان بوو و کوتی:

– ئاوا خۆشتر نەبوو؟

گەلاوێژ زریکاندی و خۆی لە باوەشی شەماڵ هاویشت. جەمیلە چاوی پڕ ببوو لە فرمێسک. گەلاوێژ شەماڵی بەردا و باوەشی بە جەمیلەدا کرد. گریان ئەوکی دەگووشا، قسەی بۆ نەدەهات. گوڵەکەی هەڵگرت، گوڵدانەکە لەسەر مێز بوو بەڵام سێ جار ئەم ژوور و ئەو ژوورەکەی کرد ئەی دیتەوە. تریفە وە پێشی کەوتبوو، بەرپێی گرتبوو «ئەگەر بپرسی چۆنت پێ بڵێم شەماڵ؟» گوڵەکەی لە گوڵدانەکە دانا، بە دەنگی شەماڵ چڵەکایەوە.

– دەی وەرە خاتوون، چاکمان لێ ناپرسی.

گەلاوێژ راوەستابوو ئەژنۆی دەلەرزی. چاوێکی لە شەماڵ و چاوێکی لە جەمیلە بوو.

– ئەو کوتی تۆ بە بریندراری گیراوی!



– بریندار بووم بەڵام نەگیرام، پێشمەرگەکان دەربازیان کردم.

– ئەی بۆ خەبەرت نەدا؟

– ئەی ئەمکوت ئاوا خۆشترە!

گەلاوێژ شڵەژابوو دەستی لە نێو قژەکانی دەکرد، لێوی دەلەرزی، دەیەویست بڕوا چای لێ نێ، شەماڵ بە پێکەنینەوە پرسی:

– دەی کوا ... ئەوە ئاوات لە کوێیە؟

گەلاوێژ گێژ ببوو چاوی لە جەمیلەکرد. جەمیلە بە خەمەوە چاوی لێ داگرت. گەلاوێژ جارێکی دیکەش خۆی لە باوەشی شەماڵ هاویشت. هیچ وشەیەک نەیدەتوانی وڵامدەری ئەو کاتە بێ. بەس فرمێسکی بێدەنگ بوو کە شانی شەماڵی تەڕ دەکرد.

– ئەو شەو هیچ. دانیشە چاو لە شەماڵت بکە بەڵام شەوانی دیکە دەبێ دوو بە دوو بیڵێین.

– بۆ چ باسە؟

– بڕیار وایە دەورێک وڵاتانی دەرەوە بگەڕێین. جەولە بۆ کوردانە.

* * *

لە هەموو جێگایەک ئاوات لە پێشەوە دادەنیشت و بەختەوەرانە چاوی لێدەکردن.

دوو مانگ بوو جەمیلە لە ئورووپا بوو، سبەی دەیەویست بگەڕێتەوە. لە ماڵی گەلاوێژ دانیشتبوون و چاویان لە فیلمی شەوەکانی شەماڵ و

گەلاوێژ دەکرد.

- کچێ زوو دەڕۆی. هێشتا ماندوویی ڕێگات دەرنەچوە!

- ئەو هەموو نەخۆش و برینداره چاوەڕوانیم دەکەن. دەرمان و شتەکانم کۆ کردۆتەوە بۆ ڕاوەستم. ئەک پێم خۆش نەبێ بەڵام بۆ خۆت دەزانی.

- خۆ شەماڵ جارێ لێرەیە؟

شەماڵ لە باتی جەمیلە وڵامی دایەوە.

- مەترسە هێندە لێرە دەمێنمەوە کە لێم وەڕەز بی.

جەمیلە وەک بەرپرسێک ڕووی لە شەماڵ کرد.

- بەڵام ئاگات لە خۆت بێ، جێگای ماڵەکەتان زۆر چۆڵەوانیە.

گەلاوێژ لە باتی شەماڵ هاتە دەنگ

- جا ئەم وڵاتە هەمووی هەر چۆڵەوانیە، ئێمە دوو بستمان وڵات نیە بە ئارەزووی خۆمان تێیدا دانیشین، ئەمانەش هەرچی دەکەن وڵاتەکەیان پێ پڕ نابێتەوە.

جەمیلە هەستا و کوڕێکیش کە دەبوا بیگەیەنێتە فرۆکەخانە لەگەڵی هەستا.

- دەی ... کاتی ڕۆیشتنە.

- جەمیلە گیان ئەگەر هەواڵێکت لە دایکم زانی پێم ڕابگەیەنە باشە؟

- بەچاوان.

* * *



سێ مانگ دەبوو جەمیلە ڕۆیشتبوەوە بەڵام هیچ هەواڵێک نەبوو، شەڕ لە وڵات زۆرتوند بوو، شەماڵ خەریک کاروباری ڕێکخراوی خۆی بوو و گەلاوێژ خەریکی ڕێکوپێک کردنی ناو ماڵ و پەیدا کردنی هەستێک بۆ بەردەوامی ژیان. ئاوات بەرە بەرە جێگاییکی زۆری لە ژیانیان دا داگیر کردبوو و پڕ بە دڵ خۆشیان دەویست. کلاس و مەدرەسە دەستی پێکردبوو هەموو ڕۆژێک بەیانی گەلاوێژ ئاواتی دەبردە مەدرەسە و دوای نیوەڕۆش پاش تەواوبوونی مەرەسەی خۆی دەچوو لە دووی و دەی هێنایەوە. شەماڵ زۆر وەبەر چاوان کەوتبوو خەڵک زۆر هاتوو چوویان دەکرد و ماڵی دایم پڕبوو لە میوان، هەوڵی گەلاوێژ بۆ ئاسایی کردنەوەی ژیانەکەیان و قەرەبووی ساڵانی دووری بە ئاکام نەدەگەیشت. شەماڵ پەرۆشی وڵات بوو و داوای کردبوو هەرچی زووتر بگەڕێتەوە و هەتا وڵامی بدەنەوە وەقرەی لێ بڕابوو. یا گوێ قوڵاخی زرەی تلەفوون بوو یا چاوەڕوانی نامە. ڕۆژێک سێ چوار جار دەچووە سەر سندووقی پۆستەکەی بەرماڵیان.

- شەماڵ گیان پۆستەچی لێرە ڕۆژێ جارێک دێ، ئەتۆ سەعات بە سەعات ئەو سندوقەی دەکەیەوە.

تەنانەت کاتێک شەوانە دەچونەدەرێ و شەودرەنگ دەگەڕانەوە شەماڵ چاوێکی لە سندوقەکە دەکرد. هەموو جورە نامەیێکی تێدابوو لە پارەی بەرق و تلەفوون و کاتی دوکتورەوە بگرە هەتا نامەی ئەوانە کە دەنگی شەماڵیان پێ خۆش بوو و داوای کاسێتیان لێ دەکرد بەڵام وڵامی

شەماڵ دیار نەبوو.

چەند ڕۆژێک بوو ماشێنێک دەهات لەو سەری کوچەکەی ماڵی گەلاوێژەوە لە بەرامبەری ماڵی ڕێبوار ڕادەوەستا، یەک دووسەعات ماتڵ دەبوو و دەڕۆیشت دوو ڕۆژئاوایی تێدا بوون. لە فارس دەچوون، لەعەرەبیش دەچوون، شێوەی تورکیشیان دەدا. خەڵک لەو وڵاتە لەشتی وا ناکۆڵێتەوە، خەڵک لە گەڵ هێمنی ڕاهاتووە، کەس شک بەکەس ناکا.

گەلاوێژ و ئاوات لە مەدرەسە دەهاتنەوە، تاوێکی بێ هێزی پاییزی لە ریزی راستی ماڵەکانی دابوو و سێبەرێکی نەرمی لە ریزی ئەو بەر پێک هێنابوو کە نەرمە نەرم خۆی بە سەر خیابانەکەدا دەخشاند. گەلاوێژ و ئاوات لە بەری تاوەکە هاتنە نێو سێبەرەکە.

- ئەرێ مامۆستای ئەو ساڵتان هەر ئەوەی پارە؟

- نە ئەو ساڵ نیلسیە.

- پیرە یا جوانە؟

- هەزار ساڵی تەمەنە.

گەلاوێژ دەیزانی ئەو ڕۆژە شەماڵ لە ماڵ نەبووە و هەتا شەو نایەتەوە.

- ڕاوەستە با چاوێک لە سندوقی پۆستەکە بکەم.

ئاوات لە نێو دەرکەی ماڵەکە بوو، بە گرمەی تەقینەوە ڕاچڵەکی، ئاوڕی داوە گەلاوێژ خلتانی خوێن لە نێو دووکەڵدا لە پاڵ دیوارەکە کەوتبوو، سندوقەکە تەقی بۆوە، گرمەکەی هەموو گەڕەکەکەی لەراندبوەوە. ئاوات لە ناخی دڵیەوە هاواری کرد «- د...ا...یە.» ئەوە یەکەمجار بوو ئاوات بە گەلاوێژی دەکوت دایە. بەڵام گەلاوێژ نەی بیست. ئاوات



جارێکی دیکە بێ دایک بیوو.

ساڵ و نیوێک دوای تریفە، هەزاران فرسەخ دوور لەو خاکەی ئەوی تێدا نووستبوو لە ڕۆژێکی پڕ تەم و مژی پایزدا گەلاوێژ لە ژێر ئاڵای کوردستان و لە سەر شانی شەماڵ و برا کوردەکان و لەپێشەوەی ئاوات و سەدان کوردی چاو بە فرمێسک لە ژێر ڕەهێڵە بارانی بێ وچاندا بەرەو ئەو جێگا دەرۆیشت کە بە ئەمانەت لە ژێر خاکیان دانا، ئەمانەت هەتا کوردستان ڕزگار دەبێ و دەیبەنەوە بۆ لای تریفە. شەماڵ مشتێک خاکی کوردستانی لە سەر سینگی گەلاوێژ کرد تا بۆنی غەریبی خاکی غوربەت خەمبارتری نەکا.

<u>تەواو</u>

* * *